گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/v73maz77

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 01/10/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 11/01/2024
ڕێـكەوتی بلاوكردنەوە: 29/08/2025

# كاریگەریی هزری سەربازیی ڕۆمانی لەسەر گۆڕانی كولتوری و هاووڵاتیبوندا (١٠٧پ.ز-٣٠٥ز) توێژینەوەیەكی مێژوییە

فرصة احمد حسين[1] - كامران محمد جلال[2]
kameran.jalal@koyauniversity.org - farsat.hussin@soran.edu.iq
[1] بەشی مێژو، فاكەڵتی ئاداب، زانكۆی سۆران، سۆران، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[2] بەشی مێژو، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (كاریگەری هزری سەربازیی ڕۆمانی لەسەر گۆڕانی كولتوری و هاووڵاتیبوندا ١٠٧پ.ز-٣٠٥ز) لێكۆڵینەوەیەكی مێژوییە، تیشک دەخاتە سەر كاریگەرییەكانی هزری سەربازی لەسەر گۆڕانی كولتوریی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگەی ڕۆمانی و پرسی هاووڵاتیبون و ئامادەیی ئەو كۆمەڵگەیە، بۆ وەرگرتنی كەسانی ناڕۆمانی و كۆیلە وەک هاووڵاتی و پێدانی جیاوكی یاسایی. ئێمە وا گریمانە دەكەین كە شار و كۆڵۆنییەكان شوێنی چڕی بەریككەوتن، كە ڕەنگە هۆكارێكی گرنگ و یەكلاكەرەوەی كارلێک و بلاوبونەوەو گۆڕانی لایەنە كولتورییەكان بێت، لەلایەک، لەلایەكی تر هاتنەناوەی كەسانی ناڕۆمانی بۆ ناو ڕیزەكانی سوپا و ڕێكخستنیان لە چوارچێوەی یەكەی یاریدەدەر و وەرگرتنی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی دوای دەرچونیان لە سەربازی، ئاوێتەبونی زیاتر كردوە، بۆیە دەپرسین ئایا هزری سەربازی چۆن كاریگەری لەسەر كایە جیاجیاكانی كۆمەڵگە هەبوە؟ وەڵامی كۆمەڵگە و ئالەنگارییەكانی بەردەمی پرۆسەكە چیبون؟ لە ڕێگەی ئەم لێكۆڵینەوەیە مەبەستمانە سروشتی كاریگەرییەكانی هزری سەربازی لەسەر لایەنە كولتوری و كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگە دەستنیشان بكەین، كە زۆرجار بە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕێكخستنە یاسایی-كارگێری و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و دامەزراوە مەدەنییەكانی ناو شار و كۆڵۆنییەكان، هەروەها لە ڕێگەی ئاوەدانی و كارە خزمەتگوزارییەكانەوە كاریگەریان لەسەر دانا، هەروەها بەردەوامی پێویستی سوپا بە هێزی مرۆیی و پڕكردنەوەی لەلایەن خەڵكی ناڕۆمانی بە پێدانی ئیمتیازات بەتایبەتی مافی هاووڵاتیبون، و گواستنەوەی لەشكر و یەكە سەربازییەكان لە ناوچە جیاجیاكانی ئیمپراتۆرییەت ئەم پرۆسەی گۆڕانی لە مەودای دوردا دەرخستوە. توێژینەوەكە بەگشتی جگە لەو پوختەیە بە زمانەكانی كوردی و ئینگلیزی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەكان لە پێشەكی و سێ باسی سەرەكی پێكهاتوە، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێكخراوە:
باسی یەكەم: شار و كۆڵۆنی(colonia) وەک زەمینەی كاریگەری هزری سەربازی لەسەر لایەنەكانی تری كۆمەڵگەی ڕۆمانی.باسی دوەم: كاریگەری هزری سەربازی لەسەر گۆڕانی ناسنامە و كولتور. باسی سێیەم: گۆڕانی ڕەگەزنامە و پرسی هاووڵاتیبون وەک بەرئەنجامی هزری سەربازی.

**کلیلە وشەکان**: کۆمەڵگە، کولتور، هاووڵاتیبون، ڕەگەزنامە، هزری سەربازی

# The Impact of Roman Military Thought on the Culture Change and Citizenship from (107 BC to 305 AD)
# A historic study

Fursah Ahmad Hussein[1] - Kameran Mohammed Jalal[2]

[1]Department of History, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region,Iraq.

[2]Departement of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This study is under the title (The Impact of Roman Military Thought on the Culture Change and Citizenship from 107 BC to 305 AD). It is a historic study; investigating the influence of Roman Military Thought and the willingness of the society to accept non-roman people and slaves as Roman citizens and being given the legal rights and privileges. The researcher believes that the cities and the colonial places are intensely interrelated which might be the crucial and decisive reason of interaction and the spread and cultural change on one hand. And on the other hand, entering the non-roman people into the army and organizing them in a suitable framework and getting the Roman citizenship after their graduation. Therefore, the researcher inquires how military thought had impact on the different aspects of society. And what was the society's response and the challenges in front of the of the process? Through this study, the researcher aims to identify the nature of the influences of the cultural and social aspects of the society, which often indirectly had impact on through legal administrative organization, social structures and civil foundations in cities and colonies, and even through reconstruction and services. Also the continuous need of the army for a humanistic power and filling these gaps by non-Roman citizens by granting them Roman citizenship and transferring the troops and military units from different parts of the empire have reflected the substitute process in the long run.

Keywords: Society, Culture, Citizen, Citizenship, Military thought

## پێشەکی

هزر و ڕامانی سەربازی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر لایەنە کولتوریی و شێوازی ژیان، بەها و بنەما کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان، یاساکان، ئایین، نۆرمەکانی ئەخلاقی، ڕێکخستنی سەربازی، تەنانەت هونەر و ئابوری و بابەتگەلێکی پەیوەندیدار وەک کۆیلایەتی هەبوە، هەروەها پرسی هاووڵاتیبون و دیاریکردنی ئەرک و مافە یاساییەکان دوای وەرگرتنی ڕەگەزنامە، بەتایبەت ئامادەیی ڕۆمانەکان بۆ وەرگرتنی کەسانی دەرەکی وەک هاووڵاتی لەلایەک، لەلایەکی تر، کۆمەڵێک کارلێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بەرفراوان چ لە نێو سوپا یان لە شار و کۆلۆنییەکان، ڕەنگە ئەم گۆڕانەی خێراتر کردبێت. لەسەر ئەم بنەمایە و پرسیاری ئەوەی داخۆ دیدگای سەربازی کاریگەری لەسەر کولتورە جیا جیاکان چۆن بوە؟ کاردانەوە و لێکەوتەکانی چیبون؟ (کاریگەری هزری سەربازی ڕۆمانی لەسەر گۆڕانی کولتوری و هاووڵاتیبوندا ١٠٧پ.ز-٣٠٥ز) وەک ناونیشان بۆ ئەم توێژینەوە مێژوییە، هاتەئارا، کە تیشک دەخاتە کاریگەرییەکانی هزری سەربازی لەسەر گۆڕانە کولتوریی و پرسی هاووڵاتیبون لە کۆمەڵگەی ڕۆمانیدا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە بەشێوەیەکی زانستیانە تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی پێویست کە خۆی لە دەرخستن و ئاشنابون بە کاریگەری هزری سەربازی لەسەر گۆڕانی کولتوریی و بابەتی هاووڵاتیبون دەبینێتەوە. سەبارت بە گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە، بەدڵنیایی بەبێ ئاستەنگ نەبوە، بەتایبەت سەرچاوە ڕەسەنەکان زۆر بە کەمی پرژاونەتە سەر بابەتە هزرییەکان و لێکدانەوە بۆ لێکەوتە و کاردانەوەی گەلانی کۆمەڵگە لێکندراوەکان ناکەن، بۆیە گەیشتن بە ئەنجامەکان ئاسان نەبوە و بەربەستی سەرەکی توێژینەوەکەمان بوە.

لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە ڕێبازی مێژویی- شیکاریی، بەدواداچون بۆ سێ باسی سەرەکی کراوە، لە باسی یەکەمدا، لە ژێر ناونیشانی (شار و کۆلۆنی وەک زەمینەی کاریگەری هزری سەربازی لەسەر لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی ڕۆمانی)، باس لە ڕۆڵ و گرنگی شار و کۆلۆنییە ڕۆمانییەکان لە پرۆسەی گۆڕانی کولتوری کراوە، بە جۆرێک کە دەریخستوە گرنگیپێدان بە ئاوەدانی شارەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، بوەتە هۆی کۆبونەوەی خەڵک و، دەشێت وەک ئاسانکاری حوکمڕانیکردن سەیر بکرێت، ڕونیشی کردۆتەوە کە داگیرگەکانی ڕۆمانی بون ئەوا وێرای ڕەهەندی سیاسی و سەربازی بۆ دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی شوێنە ستراتیژییەکان، لە ڕوی کۆمەڵایەتی بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و زیادبونی دانیشتوان و لایەنی ئابوری سودی لێوەرگیراوە.

هەرچی باسی دوەمە، لەژێر ناونیشانی (کاریگەری هزری سەربازی لەسەر گۆڕانی ناسنامە و کولتور)، لەم باسەدا تیشک خراوەتە سەر کاریگەری هزری سەربازی، لەسەر گۆڕانە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت جگە لەوەی کە ڕۆما بەهۆی پرۆسەی داگیرکاری، بەشێکی زۆری جیهانی ئاوەدانی ئەوکاتی خستە ژێر ڕێکێفی خۆیەوە، ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەهۆی سیاسەت و بیرکردنەوەی سەربازیانە، هەوڵی لەخۆگرتنی گەلانی تری داوە، ئەمەش لە ڕێگەی وەرگرتینان لە نێو سوپا و مانومیشنی کۆیلە (ڕزگاربون لە کۆیلایەتی) و پێدانی ڕەگەزنامەی مەرجدار، دواتر لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینی بەخشینی ڕەگەزمامە بە هەمو دانیشتوانی ئازادی ئیمپراتۆرییەت. لە باسی سێیەمدا، بە ناونیشانی (گۆڕانی ڕەگەزنامە و پرسی هاووڵاتیبون وەک بەرئەنجامی هزری سەربازی) قسە لەسەر ڕەهەندی سەربازی بەخشینی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی، ڕێوشوێن و لێکەوتەکانی کراوە.

## باسی یەکەم

## شار و کۆڵۆنی (colonia) وەک زەمینەی کاریگەری هزری سەربازی لەسەر لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی ڕۆمانی

بەو پێیەی ڕەهەندێکی پشت دامەزراندنی زۆرێک لە کۆڵۆنی و ئاوەدانییەکان سەربازییە، و بە گریمانەی ئەوەی لە ناوەندە شارییەکان، چڕی دانیشتوان بەرزە و باشترین شوێنی تێکەڵاوبونن، بۆیە فەزای شار و شارۆچکەکان بەهۆی بەریەککەوتنە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، دەرفەتی گۆڕانکاریی و کاریگەرییەکانی لە زۆر کایەی ژیاندا زیاتربوە.

مێژو نوسێکی ڕۆمانی شارەکانی بە ناوەندی فێربون و کولتور و وەک مەرجێکی پێشوەختە بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی بینوە (Tacitus, 2004: 2.52)، بەگوێرەی (Morley)، شارنشینی، چ بەپێی چەمکە کۆنەکان یان نوێیەکان، دەکرێت وەک پرۆسەیەکی بەردەوام و یەکێکە لە بەرهەمەکانی لێکنزیکبونەوەی چوار پرۆسەی جیاوازی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئابوری و کولتوری، چڕبونەوە سەیر بکرێت، بەتایبەتیش کە هەر یەکێک لەم پرۆسەی گۆڕانکاریانە پەیوەندییەکی نزیکیان بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە (2010: 56).

شارەکان ناوەندی ژیانی سیاسی و کولتوری بون و چەق هەستێکی بەهێزی ئینتما و ناسنامەی ناوخۆیی بون، بەگشتی شارە ڕۆمانییەکان- وەک هەر شارێکیتر- یان لەو ناوچانەدا دامەزراون کە شارستانیەتێکی پێشتریان هەبوە یان لە ناوچەگەلێکدا بنیات نراون، کە پێشتر شارنشین نەبون، بۆ نمونە لە هەندێک ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیای بچوکدا، شارە ڕۆمانییەکان لە پاشخانی سیستەمێکی شارستانیی پێشتر کە پێکهاتبو لە شار-دەوڵەت (City-state) و لە یۆنان بە پۆلس (polis) ناسراون، دامەزراون لە کاتێکدا لە هەندێک ناوچەی تر لەو شوێنە بنیاتنراون کە خەڵکەکەی زیاتر خێڵەکی بون و کەمتر شارنشین بون، ئەم شارانە و خاکەکانیان لە کاتە جیاوازەکاندا لە ماوەی سەدەی دوەم و سەرەتای سەدەی یەکەمی پێشزایین کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی ڕۆما و بەهای زۆریان بۆی هەبو، چونکە خاکی دەوڵەمەند بون بە و سەرچاوە کانزاییەکان (Nevett and Perkins, 2000: 217-218). لەو شارانەی کە خاوەنی پاشخانی شارستانی و کولتوری خۆیان بون، کەمتر کاریگەری ڕۆمانییان لەسەر بوە، بۆ نمونە، جوەکانی وڵاتی جودیا (Judea) باشوری فەلەستین، توانیان هەستێکی بەهێزی ناسنامەی جولەکەیی خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمەکاندا بپارێزن، کەچی بۆ ئەو جوانەی کە لە بەشەکانی تری ئیمپراتۆریەتەکەدا دەژیان دۆخەکە جیاواز بو (Williams, 2000: 306).

پێویستە بگوترێت، کە ئەم پەرتەوازەییەی جوەکان بەشێکی بەهۆی چالاکییە سەربازییەکانی ڕۆمانەکان بوە، بۆ نمونە، بە گوتەی مێژونوس یۆسێفۆس (Josephus) داگیرکردنی ئەو خاکە لەلایەن فەرمانده پۆمپیۆ ١٠٦-٤٦ پێش زایین (Pompeius)، لە ساڵی ٦٣ پێش زایین و چەند ناوچەیەکی تری ژێر دەستی پارتەکان[١] لە ساڵی ٣٧ پێش زایین بوە هۆی ئەوەی ژمارەی جوە ڕەوەندەکان لە ڕۆما زیاد بکات (1890, 2.80)، بەڵام وەک ناوبراو ئاماژەی پێ دەکات، ڕەنگە بەشێکیان بە هۆکاری کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان و بە ویستی خۆیان لە ناوچەی تر نیشتەجێبوبن، بە نمونە نیشتەجێبونی جوەکان لە لیۆنتۆپۆلیس (تل المقدام) لە میسری خوارو، لە ناوەڕاستی سەدەی دوەمی پێش زایین (1890, 1.31-3). هەروەها ڕۆمانەکان لەماوەی لە شەش دەیەیی یەکەمی حوکمڕانیاندا، چەندین ڕێگایان دروستکرد، لەگەڵ ڕێگا نوێیەکان، وەک ئاماژەیەک بۆ بڵاوبونەوەی کاریگەریی شارستانیەتەکەیان، لە سەرانسەری بەریتانیا شارۆچکەکان دەرکەوتن کە خاوەنی شەقام و تۆڕ و بیناکان بون و بە شێوازی ڕۆمانی دروستکران، ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەریتانیا ئەزمونی کرد یارمەتیدەر بو بۆ پەرەپێدانی ناوەندە شارییەکان (Kaelin, 2022: 10-11).

بۆچونێک هەیە، باس لەوە دەکات، کە سیستەمی ئانۆنا (Annona)[٢] لە ڕۆمای ئیمپراتۆری بە دابەشکردنی مانگانەی دانەوێڵە بەسەر هاووڵاتیانی ئازادی شارەکاندا (Lex frumentaria) بەشدارییەکی بەرچاوی لە کۆچی گوندنشین بۆ شارەکان هەبوە (Bernard, 2016: 50)، و بەپێی سیستەمی ئانۆنا، هەژاران بە دابەشکردنی خۆراکی خۆڕایی بژێوی ژیانیان باشتر بو، و دابینکردنی ئاو و بونی شەقام و تەنانەت شوێنەکانی کات بەسەربردن بە گشتی یارمەتیدەربوە بۆ هاندانی هەژاران لە پرۆسەی کۆچکردندا (Temin, 2006: 147)، یان ئەگەر شیکردنەوەکانی توێژەرێک لەمەڕ هۆکارەکانی ئەوەی کە خەڵک بڕیاری گواستنەوەیان داوە، لە ناوچە گوندنشینەکانەوە بۆ شارەکە، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، یان لە ناوچەیەکی گوندنشینەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لەبەرچاوبگیرێن، ئەوا پاڵنەرەکانی کۆچبەران لە ڕوی هۆکارەکانی ڕاکێشان و پاڵنانەوە شیدەکرێنەوە، واتە بە هۆی سەرنجڕاکێشان و پاڵنەرەکانی کۆچ (De Ligt, 2016: 9).

بێگومان دەشێ تا ڕادەیەک هۆکاری ڕاکێشان ڕۆڵی هەبوبێت، بەڵام هەموی نییە، ڕاستە سیستەمی ئانۆنا کاریگەری نەخوازراوی هەبوەو بوتە هۆی قەرەباڵغ بون و زیادبونی دانیشتوانەکەی، بەڵام ئاستی شارنشینی کۆمەڵگایەک نیشاندەرێکی فراوانە بۆ گەشەسەندنی ئابوری تا ئەو ڕادەیەی، کە بەشێک لە دانیشتوان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ناکشتوکاڵین، هەروەها شارەکان ئاسانکاری بۆ پەروەردە و بەگشتی ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیرۆکەکان دەکەن، چونکە دانیشتوانی چڕتر کارلێکی زیاتر دروست دەکەن، چڕبونەوەی چڕ و پڕی دانیشتوان ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی زانیاری و کارامەیی بەرهەمهێنان کرد، ئەمە لە لایەک، لەلایەکیتر کاریگەریی نەرێنی لەسەر گواستنەوەی نەخۆشییە درمەکان هەبوە، لە سەردەمێکدا ژێرخانی تەندروستی وەک پێویست نەبوە (Saller, 2012: 80-82).

ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک بۆ ناو هەمان دامەزراوە سیاسییەکان، لەناوبردنی جیاوازییەکانی زمان، داب و نەریت و کولتوری ماددی، پەروەردەکردنی گەشەپێدانی ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی ناسنامەی خزمایەتی، ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک بۆ ناو تۆڕەکانی ئاڵوگۆڕکردن و بازاڕ لە هەمەجۆرییەوە یەکسانی دروست کرد، کە بە بڕوای (Morley) بەم شێوەیە کۆمەڵگا زیاتر ئامادەی حوکمڕانی کردن دەبو (2010: 57). ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، کە ئامادەکاری بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن، خۆی لە خۆیدا لە هزری سیاسی و سەربازییەوە سەرچاوەی گرتوە، بۆیە توێژەر هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچونە، کە لە لایەن توێژەری تر جەختی لێکراوەتەوە، بۆ نمونە، بە پێیتوێژەرێ، هەر لە سەرەتاییترین قۆناغەکانی داگیرکاری ڕۆمانی، شارۆچکەکان وەک بەشێکی سەرەکی ستراتیژی ئیمپراتۆری و سەربازی سەیردەکران، دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی ناوەندە شارییە قەبارە جیاوازەکان بە کۆلۆنیشەوە، وەک ئامرازێک بۆ ڕاگرتن و کۆنترۆڵکردنی خاک بەکاردەهێنا، کە دیمەنی سیاسی ناوچەکەیان دەگۆڕی (Revell, 2009: 49).

دامەزراندنی ئەم جۆرە ناوەندە شارییانە جەخت لەسەر پشتبەستنی ڕۆما دەکاتەوە بە بەشداری چالاکانەی نوخبەی ڕەسەن لە کۆنترۆڵی کارگێڕیی ناوخۆییدا، بۆیە بەشدارییپێکردنی نوخبەی نێوخۆیی زیات بە ڕێکەوت نەبوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ هاندرابو، بە گوتەی هانسن (Hanson)، ئەمەش لە بەرژەوەندی ڕۆمەکاندا بو، کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دڵ و مێشکی دانیشتوانی ڕەسەن یان لانیکەم نوخبەی دەدا، چونکە خەڵکی شارستانی، بەواتایەکیتر بەڕۆمانیکراو، ئاسانتر کۆنترۆڵکرابون لە خەڵکانی بەربەرەکان بە دیدی ڕۆمانی (1997: 76).

وەک دەردەکەوێت دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی زۆر پشتیان بە ناوەندە شارییەکان لە ناو ئیمپراتۆریەتەکەدا بەستبو، بە بڕوای ئەوان ژێرخانی شارەکان چەندین سودی بۆ سیستەمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی بەدەستهێنا بو، زۆر لە ڕۆمانییەکان شارنشینیان بە گرنگ و هەنگاوێک بۆ پێشەوە بەرەو شارستانیەت و دور لە دڕندەیی دەزانی، بە تێگەیشتنی ئەوان شارنشینی

پێشکەوتنێک بو لە دەرەوەی بەربەرییەت و ژیانی گوندنشین، ئەگەر ئەم تێڕوانینە بە ڕێژەییش قبوڵبکرێت، ئەوا لەڕوانگەی ئەوانەوە بەهۆی ئەوەی ئەو شوێنە گوندنشینانە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک یاسا و ئایین و هاوسەرگیری ڕێکخراویان نەبو، دروستکردنی ناوەندی شار بۆ ڕۆمەکان گرنگ بو، چونکە ئەو ناوەندە شارییانە وەک ناوەندێک بۆ بڵاوکردنەوە و یاسا و ئایین و کۆکردنەوەی باج کاریان دەکرد (Kaelin, 2022: 8-9).

ویتاکەر (Whittaker) پێیوایە کە ئامرازەکانی دەسەڵات بۆ بەدیهێنانی ئایدۆلۆژیای ئیمپراتۆریی، کە لەلایەن ئیمپراتۆر ئۆگستۆس ٢٧پ.ز-١٤ز (Augustus) گیراوەتەبەر، بریتیبون لە سوپا و شار، ئەم ئیمپراتۆرە وەک شارنشینییەکی ڕادیکاڵ (radical)، بە یاسا و پارەی دەوڵەت و هاووڵاتیبون، ڕێکخستنی چینە کۆمەڵایەتییەکان و بە سەرژمێری و تێکەڵکردنی دەستەبژێری نوخبە شارەوانییەکان لە ڕوی سیاسی و سۆزدارییەوە لە دەوڵەتی ناوەندیدا، لە پێشینەی کارەکانی دانابون، هەر لە بەرامبەر ئەم پاشخانەدایە کە ناوبراو وایدەبینێت کە دەبێت شار بە بنیاتنانی سەرەکی کولتوری و گواستنەوەی ئیمپریالیزمی ڕۆمانی لە دەرەوەی وڵات بزانرێت و, لە واقیعیشدا ئیمپریالیزمی ڕۆمانی ڕەهەندێکی کولتوری هەبو، کە تارادەیەکی زۆر سیستماتیکتر و ئامانجدارتر بو، ئامرازەکەش شار بو، بە تێبینیکردنی ئەوەی شاری ڕۆمانی پڕبو لە وێنەی سیاسی، کە وەک ڕیکلام لە هەمو شوێنێکدا هەبو (1997: 144-145).

بەو شێوەیە ناوەندە شارییەکان لە سەپاندنی دەسەڵات و کاریگەری بەسەر ناوچەیەکدا، بەو پێیەی ڕێگە بە بڵاوبونەوەی یاسا و دەسەڵاتی ڕۆمانی دەدرا بەسود دەردەکەون هەروەها ئەنجومەنی شارەکان بۆ ئەنجامدانی حوکمڕانی ڕۆمانی لەناو پارێزگاکەدا بەکاردەهێنران و بنکە سەربازییەکان لە ڕاپەڕینەکان پارێزراو بون (Kaelin, 2022: 9)، سترابۆی(Strabo) جوگرافیناسیش لە سەدەی یەکەمی زایینی و لە باسی ئەلۆبرۆجەکانەوە، کە هۆزێکن لە ناوەڕاستی فەڕەنسا، ئاماژەی بە کاریگەری شارستانیانەی شارەکان کردوەو کاتیک باسی لە ژیانی گوند و ئەو شارۆچەکەیە دەکات کە سەردەمانێک گوندێک بوە، کە دواتر بوتە پایتەختی هۆزەکە (2006, 4.1. 11). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شار ژینگەیەکی لەبارتربو بۆ تێیدا ئەنجامدانی چالاکی، هەندێکیان چالاکیی فەرمی و بەرفراوان بون، وەک یارییەکانی گلادیاتۆری[٣] (gladiator) یان شمشێربازی، هەندێکی تریش زیاتر نافەرمی بون، بۆ نمونە سەردانی گەرماوەکان (Revell, 2009: 192). بۆیە بەگشتی دەشێ بوترێت ئەنجامدانی ئەم چالاکییە جۆراوجۆرانە، ئەگەر چی وەک ڕیکلام یان کاتبەسەربردن بوبن یان بەبێ مەبەستی فەرمی ئەنجامدرابن، ئەوا ناکرێت خاڵی بوبن لە ڕەهەند و دیدی سەربازییانە و ڕاکێشانی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە بۆ بازنەی سیستەمی کولتوریی و سیاسی -سەربازی ڕۆمانی.

مشتومڕ لەسەر سروشتی ئیمپریالیزم[٤] (Imperialism)ی ڕۆمانی، مێژویەکی دور و درێژی هەیە و هەوڵ دراوە پاساوی جیا جیای بۆ بهێندرێتەوە، - کە لێرەدا قسەکردن لەسەری بە پێویست نازانرێت- هەرچی سوپایە وەک ئامرازی کۆنترۆلکردنی دەسەڵات، ئەوا وەک ئاماژەی پێکراوەو گرنگی ڕۆڵی لە فراوانکردن و کۆنترۆڵکردنی ئیمپراتۆریەتدا، بە باشی جێگیر بوە و تا ڕادەیەکی زۆر باسکردنی بێ جێگەی مشتومڕ دەمێنێتەوەو، وتراویشە کە سوپای ڕۆمانی زۆر ڕاهێنراو و ڕێکخراوێکی بەرز و زۆر سەرکەوتوی بو، کۆمەڵگای ڕۆمانیش ڕەهەندێکی میلیتاریستی (باوەڕی سەربازی) هەبو، سوپاش بەشێک لە پەیکەری کۆمەڵگەکەی بو (Hanson, 1997: 68). بەو پێیەشی کە گەورەترین دامەزراوە لە جیهانی ڕۆمدا سوپاکەی بو، دەشێت ڕۆڵی لە پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی هەبوبێت، سوپا پشتی بە لێهاتویی و بە پیشەی دەستی و ئەندازیاری و شارەزایی دەبەست، لە هەندێک کاتدا ئەو شارەزاییە ڕۆلی لە پەرەپێدانی پرۆژە مەدەنییەکان بینیوە (Saller, 2012: 79). ئەم بابەتە ئەوە نیشان دەدات کە بەشداریکردنی کارمەندانی سەربازی لە ژیانی مەدەنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا

گرنگە بوە، چونكە ئەوان كارمەندی سەربازی بون و بەم كارەش ئەو ڕۆڵە چارەنوسسازە ئاشكرا دەكات كە سەربازانی نوێ و سەربازە دێرینەكان وەك خاڵێكی ناوەند، لە بەیەكەوە بەستنەوەی ئیمپراتۆرەكان و شارۆچكەكان و سوپاكاندا گێڕاویانە (Manklow, 2020: 108). كەواتە سوپا بەشێكی دانەبڕاوی ئەو پێكهاتە بو، كە لە تیۆری گیدنیز هاتوە، سەربازیش وەك ئەندامی ئەو سوپایە بەشێكی كارای ئەم پێكهاتەیە كە كۆمەڵگەیە، تارادەیەكی زۆریش بونی لە ژێر كاریگەری ئەو ژێرخانە هزری و كۆمەڵایەتییەدایە، كە تێیدا دەژیت و بەقەد بەشداری چالاكانەی خۆی ڕۆڵی لە دوبارە زیندوبونەوەو بنیاتنانەوەی شێواز و نۆرمە كۆمەڵایەتییەكەی دەبێت.

جگە لە فاكتەری سەربازی، ڕەنگە هۆكاری ئابوریش ڕۆڵی بەرچاوی هەبوبێت، كە لە سەردەمی سەرەتای ئیمپراتۆریەتدا دەشێ بارودۆخی ئابوریی نالەبار یان نەبونی دەرفەتی ئابوری لە ناوچەی ناردن، و بونی دەرفەتی باشتر لە ناوچەی مەبەست، گرنگترین هۆكاری پاڵنان و ڕاكێشانی پشت جۆرە جیاوازەكانی جولە و كۆچ و نیشتەجێبونی ئاساییانە بوبێت (De Ligt, 2016: 9-10).

سەردەمی پرینسیپات (principate)[٥] گەشەی شارەكانی بەخۆیەوە بینی، بۆ نمونە لە پارێزگاكانی ئیسپانیا و ئەفریقا و ڕەنگە ئەمە وەك پێوەرێك بۆ گەشەسەندنی ئابوری لادێكان وەربگیرێت (Garnsey, 2015: 83 )، زۆر لە كارە گەورەكانی بیناسازی لە هەرێمەكاندا، بە تایبەت دروستكردنی كەناڵ و كانی ئاو لە لایەن سەربازەوە ئەنجام دەدرا، ئەوە تەنها هێزی مرۆیی بۆ كاری بیناسازی نەبو كە سوپاكان دابینیان دەكرد، بەڵكو شارەزایی تەكنیكیش بو، بۆ نمونە لە ساڵی ١٥٢ی زایینیدا، نۆنیۆس داتۆس (Nonius Datus)، ئەندازیاری هایدرۆلیكی لەشكری سێیەمی ئەفریقا، نێردرا بۆ شاری (بۆ بینینی شوێنی شارو كۆڵۆنیەكان بەگشتی دەروانرێتە نەخشە) سالدای (مۆریتانیا) تا لە پرسە تەكنیكییە جیاوازەكانی پەیوەست بە دروستكردنی كەناڵێكی ئاوی لەوێدا هاوكارییان بكات (Hekster, 2023: 293). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە كە ڕۆڵی سەرباز تەنها لە پرسە سەربازییەكان كورت نەبۆتەوە، بەڵكو خزمەتگوزارییە مەدەنییەكانیشی گرتۆتەوە.

لە ڕوی تیۆریەوە پلەبەندی بۆ پێگەی شارەكان هەبو ئەوەش پەیوەندی بە ماف و ئیمتیازاتی یاسایی دانیشتوانەوە هەبو بە نمونە، لە لێخۆشبونی باج، لەم پلەبەندییەدا ڕۆما لە لوتكەدا بو، دواتر پایتەخت یان ناوەندەشاری هەرێمەكان، بە پلەی سێیەم كۆڵۆنیا دەهات، كە شارۆچكەیەك بو بۆ ئەو سەربازانە دامەزرا كە لە كاتی خانەنشین بوندا ڕەگەزنامە و زەوییان وەرگرتبو، بۆ نمونە شارێكی وەك ئاوستا لە بەرزاییەكانی ئەلب لە سەردەمی ئۆگستۆس ٢٧پ.ز-١٤ز (Augustus)دا بۆ پاسەوانی دێرینەكانی پریتۆریان دامەزرا و نیشتەجێبونێكی ڕۆمانی پێكهێنا لە كەسانێك كە مەشقی سەربازییان وەرگرتبو لە خاكە داگیركراوەكانی ناوچەكەدا (Nevett and Perkins, 2000: 215). ئەوەی پەیوەندی بەلایەنی كارگێرییەوە هەبوە، لە شێوازی پەسەندكراوی كۆنترۆڵی كارگێڕی ڕۆمانی دا بەكارهێنانی دانیشتوانی ڕەسەن بو بۆ دامەزراندنی پێكهاتەیەكی فەرمی خۆبەڕێوەبەری، كە بەزۆری لەسەر بنەمای پلەبەندی كۆمەڵایەتی ناوخۆیی بو ( Hanson, 1997: 75).

هەرچی پرۆژەكانی كۆلۆنیالیزەكردن و نیشتەجێكردنی حكومەتە، لە قۆناغێكی زوتردا خۆی لە دروستكردنی ڕاستەوخۆی هەردو كۆلۆنی هاووڵاتی و كۆلۆنی لاتینی لەلایەن دەسەڵاتدارانی كۆماری ڕۆمانییەوە دەبینێتەوە، لە سەردەمی كۆماردا كۆلۆنییەكان شوێنی نیشتەجێبونی هاووڵاتیانی ڕۆمانی بە پلەی یەكەم بۆ سەربازە دێرینەكان بون، كە ئەم كۆڵۆنیانە یان لە شوێنیكی سەربەخۆ یان شانبەشانی كۆمەڵگە و ئاوەدانیتر دامەزراون كە ئەو ئاوەدانیانە بە شارەوانییەكان (municipia) ناسرابون، دەشێت ئەمە وەك ئامرازێك بۆ تێكەڵكردنی دانیشتوان بە تایبەتی لە دوای شەڕی كۆمەڵایەتی

سەیر بکرێن، کە لە ئەنجامدا بە هۆیەوە تەواوی نیمچە دورگەی ئیتاڵیای لەژێر سایەی ڕۆمادا یەکخست (Manklow, 2020: 112).

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠ بۆ ١٧٧ پێش زایین، ١٥ کۆلۆنی ڕۆمانی و ٤ کۆلۆنی لاتینی لە ئیتالیا دامەزران، کە ئەرکی سەرەکییان نیشتەجێکردنی دانیشتوان و سەپاندنی دەسەڵاتی ڕۆمانە لە ناوچە داگیرکراوەکانی ئەم دواییە، و دەرئەنجامی لاوەکی هەناردەکردنی بەشێک لە دانیشتوانی ڕۆمانە بۆ لێوارەکانی خاکەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕۆمانی (Patterson, 1993: 100)، ئەم چالاکییە بە شێوەیەکی سەرەکی و کارا تا سەردەمی ئۆگستس ڕویداوەو، ئۆگستا پریتۆریا، ئاوستای مۆدێرن لە ئیتاڵیا، یان ئۆگستا تاورینۆرۆم، تۆرینۆی مۆدێرن، نمونەی بەناوبانگی هەندێک لەو کۆلۆنیانەن، بەڵام دامەزراندنی کۆلۆنیای سەربازانی دێرین لە ژێر دەستی ئیمپراتۆرەکانی دواتردا بۆ سەدەکانی دیکە بەردەوام بو، ئیمپراتۆر کلاودیۆس ئەلبینیۆس ١٩٣-١٩٧ز (Clodius Albinus) کۆلۆنی سەربازی لە بەریتانیا و مۆریتانیا دروستکرد، سەردەمی ئیمپراتۆرە فلاڤییەکان بەدرێژایی دانوبی ناوەڕاست و ئیمپراتۆر تراجان ٩٨-١١٧ز (Trajan) لە داسیا و بەدرێژایی دانوبی خوارەوە، لێرەدا کە سەرنج بدرێتە کۆچی بەرفراوانی پیاوان و ژنانیش، تا ئەو ڕادەیەی کە سەربازەکان توانیویانە لە ماوەی خزمەتکردنیاندا هاوبەشی پێکبهێنن، لەم حاڵەتانەدا دەکرێ بە دڵنیاییەوە بوترێت کە ژن و منداڵ یاوەری ئەو پیاوانە بون کە خێزانیان هەبوە (Bruun, 2016: 182)، بە گوتەی دیۆ(Dio)، ژمارەیەکی کەم ژن و منداڵ و خزمەتکاری هاوڕێیەتی ئەو لەشکرانەیان دەکرد کە لەسەر دەستی گەلانی ئەڵمانی لە ساڵی ٩ی زایینی دوجاری شکست بون (1924, book 61.20. 2-5).

کەواتە لە سەردەمی ئیمپراتۆرەکاندا دامەزراندنی کۆلۆنیەکانی سەربازە دێرینەکانی ڕۆمان لە پارێزگاکاندا بەردەوام بو، بە پلەی یەکەم لە ناوچەکانی چالاکیی لەشکرەکان، هەرچەندە بە پراکتیکی لە سەردەمی ئیمپراتۆر تراجان و هادریان ١١٧-١٣٨ز (Hadrian) دا کۆتایی هات (Manklow, 2020: 112). ئامادەیی ڕەهەندی سەربازی لە دامەزراندنی کۆلۆنییە بونی هەیە، جگە لە ستراتیژی ئیمپراتۆریەت، کە تارادەیەک ڕێگەیەکی گونجاو بو بۆ کۆنترۆڵکردنی خاکی دور، لە هەمان کاتدا بو بە ئامرازێک بۆ بەرەنگاربونەوەی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و چارەسەری گرژییە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان و دابەزاندنی پرسی دیمۆگرافی و چڕی دانیشتوان (Pelgrom and Weststeijn, 2020: 5-7). دەشێت بوترێ دامەزراندنی کۆلۆنییەکان جگە لە چارەسەرکردنی قەرەباڵغی و چڕی دانیشتوان و پێویستی بە زەوی کشتوکاڵی، بۆ خزمەتی مەبەستی سەربازی بەکارهاتون، لە شوێنی وا بنیاتنراون ڕەهەندی سەربازی هەبوە، بۆ نمونە لە شوێنی پەڕینەوەی ڕوبارەکان، لە نزیک ڕێڕەو دەروازەکان، یەکتربڕینی ڕێگاکان، ناوچە کەناراوی، کە گونجاو بۆ بەکارهێنانی کەشتیوانی (نصحی، ٢٠٠٤: ١١٩).

ئەگەر بۆچونی ئیدوارد سعید (Said) بەتەواوی وەربگیرێت کە زاراوەی ئیمپریالیزم بە واتای پراکتیک و تیۆری و هەڵوێستەکانی وەک ناوەندێکی شارە گەورەی باڵادەست کە حوکمڕانی خاکێکی دور دەکات بەکاردەهێنێت، ئەوا کۆلۆنیالیزم کە نزیکەی هەمیشە دەرئەنجامی ئیمپریالیزمە[٣]، نیشتەجێکردنی خەڵکە لەسەر خاکی دور و (9 :2012)، بەرمەبنای ئەم بۆچونەی ناوبراو، دەکرێت بگوترێت بەوپێیەی کۆلۆنیالیزم دەرئەنجامی ئیمپریالیزمە[٦]، ئەوا لە بنەرەتیشدا ئیمپریالیزم ئەگەر خۆشی هزر نەبێت ئەوا دەرئەنجامی هزری سەربازییە، بۆیە کاریگەرییەکەشی دروستە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر، ئەگەر هەمان ئەو پێناسەیەی مایکل دۆیل (Michael Doyle) بهێنینەوە کە ناوبراو ئاماژەی پێکردوە، کە ئیمپراتۆریەت پەیوەندییەکە، بە فەرمی یان نافەرمی، کە تێیدا دەوڵەتێک سەروەری سیاسی کاریگەرانەی کۆمەڵگەیەکی سیاسی دیکە

کۆنترۆڵ بکات، دەتوانرێت بە هێز، بە هاوکاری سیاسی، بە وابەستەیی ئابوری، کۆمەڵایەتی، یان کولتوری بەدەست بهێنرێت (2012: 9). بە هەمان شێوە بۆ بابەتی هزری سەربازیش گونجاوە، لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەی سەربازییانە بۆ سەپاندن و کۆنترۆڵکردنی خاک و گەلانی تر، بەرئەنجامی سیاسەت و هزری سەربازیین.

لە سەردەمی کۆمار و ئیمپراتۆرە بەراییەکان، ڕۆما هەندێک جار دەستوەردانی بۆ دوبارە دارشتنەوەی دیمەنی پارێزگاکان دەکرد بۆ مەبەستی خۆی، دامەزراندنی کۆلۆنیەکانی دانیشتوان یان سەربازانی پێشو لەسەر زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکان، یان تێکەڵکردنی شارە بچوکەکان بۆ ناوەندی گەورەتر و بە ئاسانی کۆنترۆڵکراو (Morley, 2010: 53). وەک چۆن (Revell) جەخت دەکاتەوە، کە چالاکیی سیاسی بەشێکی گرنگی ئایدۆلۆژیای شارنشینی ڕۆمانی پێکهێنا و هەر بۆیەش جێگەی سەرسوڕمان نییە، کە ڕۆڵی هەبوە لە دانوستاندن لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی ناوخۆییدا (2009: 155). هەروەها پێدانی مافی لاتینی (ius Latii) لەلایەن ئیمپراتۆر ڤێسپاسیان ٦٩-٧٩ز (Vespasian)ەوە بە هەمو کۆمەڵگەکانی ئیسپانیا، هەروەها سەردەمانی دواتر بەرزکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە شارستانییە ڕەسەنەکان بۆ پێگەی (municipia) یان (coloniae) لە باکوری ئەفریقا لە نێوان سەرەتای سەدەی دوەم و سەرەتای سەدەی سێیەمدا هاوکاتە لەگەڵ زیادبونی بەرچاوی ژمارەکە لە ژنانی بەشدار لە ژیانی مەدەنی لەم بوارانەدا، پێگەی نوێی ئەم شارۆچکانە هاندەری بیناسازی مۆنۆمێنتال بو بە شێوازی ڕۆمانی، کە ژنانی دەوڵەمەند وەک خێرخوازی بەشدارییان تێدا دەکرد، لەوانە کولتە نوێیەکانی ڕۆمانی وەک کولتی ئیمپراتۆری، ئەمانە بەزۆری قەشە بون و وەک پارێزەری شارەکان خزمەتیان بە بەرژەوەندییەکانی شارۆچکەکانیان دەکرد (Hemelrijk, 2015: 22).

توێژەرێک لەو باوەڕەدایە کۆلۆنییەکان جگە لە ئەرکە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکەیان، ئەوا لە زیادکردنی ژمارەی هێزی مرۆییش بۆ خزمەتکردن لە سوپای ڕۆمدا هاندەربون هەرچەندە بە لای ناوبراو لاوەکی بو، بەڵام بەهۆی زاڵی ڕەهەندی سەربازی، کە پێویستی هەبونی سوپای سەپاندبو، ڕەنگە جێگیرکردنی ژمارەیەک سەرباز لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیتاڵیا وەک بنکەیەک بۆ پاراستنی وڵات، لە مەترسی هێرشەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و مەکدۆنیا و، بڕیاری نوێکردنەوەی هەڵمەتەکان دژی گالەکان لە باکوری ئیتاڵیاش، یەکێک لە هۆکارەکانی هەبونی ئەو پێویستیە بوبێت، وایکردبێت ناچاربێت بە هەندی بگرێت (Biglino, 2016: 219-221).

ئەوان هەوڵیانداوە کۆلۆنییەکان لەسەر خاڵە ستراتیژییەکان لەسەر ڕێڕەوی دەریایی و وشکانی دابمەزرێنن، کە بە یەکتر و بە ڕۆما دەیانبەستێتەوە و لە تۆڕە نوێیەکەدا تێکەڵیان کردوە کە لە سەرانسەری دەریای ناوەڕاستدا بڵاوبوەوە، ڕەنگە شوێنی ستراتیژی بۆ بازرگانی و سیاسی گرنگترین پاڵنەر بوبێت بۆ کۆلۆنیکردنی ئەم شارانە، بۆ نمونە پاتراس کە شارۆچکەیەکی کەنار دەریایە و دەکەوێتە کەنداوی پاتراس لە باکوری ڕۆژئاوای پێلۆپۆنیز لە باشوری یۆنان (Dijkstra, 2015: 155-156).

توێژەرانی تر وەک پێلگروم و وێستشتاین (Pelgrom and Weststeijn)، وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر سیفەتە ستراتیژییەکانی کۆلۆنییەکان کە وا دادەنرێت بنکەیەکی بەرگری باش بون و بەرژەوەندی ڕۆمانیان لە دەرەوەی وڵات پاراستوە، ڕەعیەتە بیانییەکان لە ژێر کۆنترۆڵدا هێشتوەتەوە، لەهەمان کاتدا سەرنجیان لەسەر ئەوە بوە، کە کۆلۆنییەکانی ڕۆمان کۆپی ڕۆما بون و (هەڵمژراو و ئاوێتەبون) کە کولتوری شارستانی ڕۆمایان نزیککردەوە لە گەلانی ڕەسەنی ئەو ناوچانەی کۆلۆنی لێدادەمەزراو، بەم پێیەش ئامرازێکی گرنگ بون لە سەقامگیری و یەکگرتنی کولتوری گەلانی

سنوری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا، هەروەها جگە لەخۆگرتنی ڕەهەندی سیاسی، جەخت لەسەر سودە کۆمەڵایەتییەکانی کۆلۆنییەکان دەکەنەوە (4-3 :2000).

نابێت ئەوەش لەیاد بکرێت، زۆر لە کۆلۆنییەکان جگە لە دانیشتوانی پێشوی سەربازی، کەسانی ناسەربازیش بونیان هەبوە، وەک بازرگانان یان دانوستانکارانی بازرگانی، کە زۆرجار گرنگ بو، بۆ نمونە ڕەنگە لە ئاپامیا لە ئاسیای بچوک ئەمە ڕویدابێت، کە ناوچەیەکە ئاسۆی ئابوری باشی هەیە، لەڕاستیدا بیتینیا یەکێک بو لە ناوچە بازرگانی و ستراتیژییەکان، کە بەدرێژایی زنجیرە کۆلۆنیەکانی ڕۆمانی هەڵکەوتبو، کە لە یۆنانەوە تا کەنارەکانی باشوری پرۆپۆنتیس و دەریای ڕەش دامەزرابون، جگە لە چالاکییە بازرگانییەکان، یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی تری کۆلۆنییە ڕۆمانییەکان، سیمای کشتوکاڵییان بو، بۆ نمونە ئەمە لە ئاپامیادا لەسەر دراوی نێوخۆیی تێبینی کراوە (Blanco-Pérez, 2015: 138-139).

دەشێت بگوترێت لە مێژە کۆلۆنییەکان ناوەندگەلێک بون کە ڕۆما بەهۆیانەوە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە دوژمنکارەکاندا تۆکمەتر دەکرد، هەروەها کۆلۆنیەکان وەکو یارمەتیدەری دابینکردنی هێزی مرۆیی جێی متمانە ڕۆڵیان بینیوە (Biglino, 2016: 219).

لەوەی سەروە ڕون دەبێتەوە کە دەشێت بگوترێت زۆربەی شار و کۆلۆنییە ڕۆمانییەکان سروشتێکی دوانەیی نیشتەجێبونی ڕۆمەکان نیشان دەدەن، هەم بنکەیەکی سەربازی و ستراتیژی بەرگری بون و هەم ناوەندێکی بازرگانی بون ڕوەو ناوچەکانی دەوروبەری، ئەمەش کاریگەری و زاڵی سەربازی دەردەخات.

## باسی دوەم: کاریگەری هزری سەربازی لەسەر پرسی گۆڕانی ناسنامە[7] و کولتور

لەگەڵ لکاندنی خاکە نوێیەکان، بەریەککەوتن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کولتور و شێوازی ژیانی جیاوازدا هاتە ئاراوە، کە هەریەکەیان بەشدارییان لە کرێۆلکردنی[8] کولتورەکاندا کرد، توخمەکانی کولتورە جیاوازەکان تێکەڵاوی یەکتربون، کە دەشێت بوترێت لە ئەنجامدا کولتورێکی نوێ ڕەنگرێژ دەبو، ئەمەش مانای وایە کولتوری ڕۆمانی وەک کولتوری هێزی باڵادەست بەردەوام گۆڕانی دروست کردوە، ئەمەش وەک بەرئەنجامی لکاندن و لەخۆگرتنی بەردەوامی خاک و خەڵکی نوێ لەڕێی پرۆسەی فراوانخوازی سەربازییەوە بو، ئەم کاریگەریە و هێزە کولتوریی و شارستانییەی ڕۆما خۆی لە زیندویی بزوێنەرانەی هێزی سەربازی ڕۆمانی دەبینێیەوە.

وەرگرتن و دامەزراندن لە یەکە سەربازییەکانی سوپای ڕۆمانی لە ئیتاڵیا و سەرانسەری هەرێمەکان و سنورەکان، کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر پرۆسەکانی پێکهێنانی ناسنامەی بەکۆمەڵ و تاکەکەسی لە نێو ئەو کەسانەدا هەبو کە پەیوەندییان بە یەکە سەربازییەکان لە لەشکرەکان یان سەربازە یارمەتیدەرەکانەوە کردوە، بەڵگەی باشیش هەیە کە سەربازانی گوندنشین لەگەڵ یەکەکانی خۆیان سەفەر دەکەن و لە شوێنی نیشتەجێبونی سەربازیدا ژیاون (Lvleva, 2016: 172).

بابەتی چەمکی ناسنامە چەمکێکی ئاڵۆز و مشتومڕاوییە، توێژەرێک باس لە پەیوەندییەکی سەیر و بەڕواڵەت پارادۆکسی (دژیەک) لە نێوان ئەو دو فۆرمەی ناسنامەی کۆ و تاک دەکات، واتە ناسنامەی بە کۆمەڵ و ئەوەی تر خودێک لە دەرەوە گەشە دەکات بۆ ناوەوە، یەکەم لەم ئارگیومێنتە کۆی دەخاتە پێش بەشەکە و دوەمیان پەیوەندییەکە پێچەوانە دەکاتەوە، بەشەکە پەیوەستە بە کۆ و تەنیا بەو ڕۆڵەی کە لەناو کۆدا دەیگێڕێت، شوناسی خۆی وەردەگرێت، بەڵام کۆ تەنها لە کارلێکی بەشەکانەوە سەرهەڵدەدات، تێکەڵبونی ئەو دو بەشەی ئارگیومێنتە زاراوەی کۆمەڵایەتی دەبەخشێت، کە

سەرنجی ئەم توێژەر و شارەزایە بە وردی لەسەر ئەم مانا چالاکەی دروستبونی کۆمەڵایەتییە، واتە لەسەر ئەوەی کە چۆن کۆمەڵگا ناسنامەی بەکۆمەڵ یان کۆمەڵایەتی کولتوری خۆی بەدەستدەهێنێت (Assmann, 2011: 112)، بەو مانایەی پەیوەندی نێوان خود و ئەویتر، و بنیاتنانی ناسنامەیە، بە بڕوای توێژەر ڕۆزێلار (Roselaar)، ناسنامەکان و دەربڕینە کولتوری و ماددییەکانی هاوڕێی جێگیر نین، بەڵکو بە تێپەڕبونی کات دەگۆڕدرێن، کولتور هەرگیز ناتوانێت وەک خۆی بمێنێتەوە، چونکە هەمیشە لە پەرەسەندندایە، چ لە پێشبینیکردن و چ لە وەڵامدانەوەی ڕوداوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، کە تاکەکانی کۆمەڵگە ئەزمونی دەکەن، ئەمەش بەو مانایەیە کە ناسنامەی گروپێک یان کەسێک بەپێی هەڵومەرجێک دەکرێت بگۆڕێت (2015: 8).

بەهاوڕابون لەگەڵ ڕوانگەی تیۆری (کۆمەڵگەڕایی-Communitarian) و، بەو پێیەی مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بونی لە چوارچێوەی کارلێک لەگەڵ ئەوانی تر دەبینێتەوە، بۆیە ناسنامەکەی بە قوڵی لەژێر کاریگەری ئەو ژینگە و زەمینە کۆمەڵایەتییە دایە کە تێیدا دەژیت هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەش بۆ کۆمەڵگای ڕۆمانی بەپێی ئەو ڕوانین و سیاسەتە سەربازییەی کە لە ژینگەکەیدایە پەیڕەوکراوە دروستە.

دیارە لەم دۆخەدا بیرۆکەی ئەوەی کە بابەتەکانی وەک ئاڵوگۆڕی ئابوری، کارلێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کولتوری نەدەتوانرا پێشبینی بکرێت، بەتایبەت ئیمپراتۆریەتەکە تا ڕادەیەکی بەرفراوان  وگەورە ببو، لە ناوخۆیدا گەلێک کولتوری لەخۆگرتبو، تەنانەت دابەشبونێکی کولتوری و زمانی هەبو لە نێوان نیوەی یۆنانی و ڕۆمانیدا (Tacoma, 2015: 138)، جگەلەوەش، قەبارەی بازرگانی ناوخۆیی، ئەگەرە گەشەسەندوەکانی گواستنەوە، نەبونی ڕێژەیی بەربەستی یاسایی ڕێگریکردن لە جوڵە، هەمو ئەم هۆکارانە بە دڵنیاییەوە لەبار بون بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی کولتوریی ( De Ligt, 2016: 6)، بەڵام بە دڵنیایی وەک ئەوەی توێژەرێک بۆی چوە، جۆرەکانی کارلێککردن کە لە نێوان ڕۆمەکان و ئەوانی تردا ڕویانداوە، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەپێی چینە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازبون، ڕەگەز، تەمەن، پیشە و هتد (Roselaar, 2015: 2). دەکرێت بۆ نمونە، جیاوازی نێوان هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشی بۆ زیادبکرێت.

لە سەردەمی کۆماریدا خزمەتی سەربازی کاتی بو، بە گریمانە و بە هیوای گەڕانەوە لە کاتی خۆیدا بۆ بونێکی مەدەنی، بەڵام لە سەردەمی ئۆگستۆسەوە، لە یەکەم وەرگرتنی سەربازییەوە، زۆرێک لە پیاوان هەمو ژیانیان وەک سەربازێکی پیشەگەر بەسەر دەبرد، بۆیە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەیان دەبینی، کە لەگەڵیاندا خانەنشین بونیان هەڵبژارد کاتێک تەمەنیان هەڵدەکشا (Goodman, 2012: 123)، لەگەڵ چونە ناو سوپای ڕۆما ئەم پیاوانە بونە بەشێک لەو چوارچێوەیەی کە بە کۆمەڵگەیەکی سەربازی ناوزەد کراوە، کە بە ئەزمونە هاوبەشەکان و ئەو ناسنامەیەی کۆی کردبونەوە لەسەر بنەمای بەها هاوبەشەکان و کۆدە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان دامەزرا بون، یەکەیەکی یارمەتیدەر هاوشێوەی یەکەیەکی دیکە بو تا ئەو ڕادەیەی، کە سەربازەکان هەمان جلوبەرگیان لەبەردا بو، لە بینای هاوشێوەدا دەژیان و شوێنەکانیان بەکاردەهێنا، کە بە هەمان شێوە پێکهاتەیان هەبو (Lvleva, 2016: 172)، بۆ نمونە کۆڵبەرێک (جوتیار) لێرە وەک جوتیارێک نەدەبینرا، ئەمەش لە ڕێگەی مەشق و ڕێنمایی لە ژێرچەکدا، و بەکارهێنانی زمانی لاتینی و خوێندەواری، هەروەها  ڕێوڕەسمی ئایینی و کۆمەڵایەتی یان جۆری جل و بەرگ و ڕێساکانی تر و ئەندامێتی لە یەکەیەکی دیاریکراودا، بو بە بەشێک لە کۆمەڵگەیەکی سەربازی، کە سەنتەری سەربازبونی دەوڵەتی ڕۆمانی بو، لەگەڵ چاندن و پاراستنی بەردەوامی هەستی بەهێزی ناسنامەی یەکە و لەشکری و سەربازی (Lvleva, 2016: 173).

بەو پێیە بەسەربازبون کاریگەری هەبوە لەسەر ناسنامە نەتەوەیی و ناوچەییەکان، بۆ نمونە هێزە یارمەتیدەرەکان کە بە شێوەیەکی نەریتی نا هاووڵاتیبون، ئەگەر لەسەرەتای وەرگیرانیشیان نەبوبێت دواتر ئەم یەکانە بەزۆری دور لەو ناوچانە جێگیر دەکران، کە لە سەرەتادا تێیدا دامەزراون، دواتر دەستیانکرد بە وەرگرتنی خەڵکی تر لە بەشەکانی دیکەی ئیمپراتۆریەتەکە، ئەم وەرگیراوە نوێیانە زۆرجار خەڵکی ئەو ناوچانە بون کە یەکەکەیانی تێیدا جێگیرکرابو ئەگەر درەنگیش بوبێت، بەڵام بەم شێوەیە تا سەدەی دوەم یەکەکانی ئۆکسیلیا (یارمەتیدەر) ئەو خەسڵەتە نەتەوەییە ڕەسەنەیان لەدەستدابو، کە لە ساڵانی سەرەتادا پێناسەی خۆیان پێدەکرد، ئەمەش وایکرد هەندێ توێژەر جەخت لەسەر گرنگی ناسنامەیەکی سەربازی یەکگرتو لە نێوان سەربازە یارمەتیدەرەکاندا بکەنەوە، بەڵام مەرجیش نییە هەمو یەکەکانی ئۆکسیلیا تەنیا پاشخانێکی بەکۆمەڵ و یەکسانیان بە پاشخانێکی دیکە گۆڕیبێتەوە، یان وازیان لە ناسنامەی ڕەسەن یان خێڵەکی لە بەرژەوەندی ناسنامەیەکی سەربازی هێنابیت (Meyer, 2020: 163)، واتە یەکە یارمەتیدەرەکان سەرەتا لە هەرێمەکانی ڕۆمانی وەردەگیران و بە ڕەچەڵەکی خێڵەکی یان جوگرافیای خۆیان دەناسرانەوە، بەڵام وردەوردە، وەرگرتنی سەربازی ناوخۆیی کە یەکەکانی تێیدا جێگیر بون بەشێکی زۆری ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەدەستدا (Gilliver, 2007: 193). دەکرێت ئەو کۆمەڵگە سەربازییەی کە بەهۆی کۆمەڵێک کۆدی هاوبەش دروست بوە، لە ژێر هەمان بیرۆکەی پێکهاتسازی گیدنیز لێکبدرێتەوە لە زاوزێی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، هەروەها تیۆری کارابیگەرایی کە هەمو لایەن و نۆرمەکان لەخزمەتی کۆمەڵگە دەبن، کە ڕێک بۆ سەربازێکی تازە وەرگیراو گونجاوە، بەجۆرێک هێز و وزەی خۆی بۆ ئەو سیستەمە سەربازییەی دەخاتەگەڕ کە تێدا وەرگیراوە.

ئەو پرۆسەی ئاوێتەکردنە کولتورەکان و دەستپێکردنی لە پرۆسەی بەسەربازی کردنی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانەوە- وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا- دەتوانرێت وەک بە هەوڵدان بۆ یەکگرتن و بنیاتنانی ناسنامە و هەست و جیهانبینی هاوبەش، وەک بنەمایەک بۆ حوکمڕانی ئیمپراتۆریەت و هاوکارە ناوخۆییەکانی ناوزەدبکرێت، زۆرجار کولتور لەناو کۆمەڵگادا وەک سەرچاوەیەکی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی کاردەکات، توانای ناچارکردنی گوێڕایەڵی و ڕەزامەندی لە ڕێگەی دروستکردن و دەستکاریکردنی کۆمەڵێک کۆد و بیروباوەڕی هاوبەشەوە کە نەزمی کۆمەڵایەتی هەبوە، دروست دەکات ( Morley, 2010: 115)، بەتایبەت کاتێک دەبینرێت کە ئەندامێتی سەربازەکان و، لە کۆمەڵەی بچوکتری یەکەکەدا، یان لە گروپی یەکەکاندا کە هەڵمەتێکیان هاوبەش بو، کاریگەری دەرونی گەورەی هەبو بۆ ئەوان (Lendon, 1997: 239).

هەروەها نابێ پاڵەپەستۆی کات-فەزا وەک یەکێک لە هێزە سەرەتاییەکانی بەشداربو لە هاندانی ئەو گۆڕانکاریانەی کە باسی دەکرێت نادیدەبگیرێن، چونکە تەنها ئەوە نییە کە تاکەکان زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە فراوانەکاندا تێکەڵ دەبن، بەڵکو بەو ڕادەیەی کە لە پانتاییەکی نزیکە جیهانگیردا، تاکەکان زیاتر لە پەیوەندیدا بە چوارچێوەیەکی جیهانییەوە سەیری خۆیان دەکرد نەک لە چوارچێوەیەکی ناوخۆییدا، ئەوان ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرن نەک تەنها وەک شتێکی دیاریکراو وەریبگرن، بە هەمان شێوە ئەندامێتییان لە گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا تادەهات دەبو بە شتێکی هەڵبژێردراو نەک شتێکی دیاریکراو و زۆر لەم جۆرە گروپانە ناچار بون لەناو ئەم چوارچێوە نوێیەدا خۆیان پێناسە بکەنەوە و، چونکە لەگەڵ نەمانی بازنەی هەڵبژاردنی نەریتی پێشویان بەرەبەرە ناسنامەی کۆنیشیان کاڵ دەبویەوە ( Morley, 2015: 59). واتە خۆپێناسکردنی کەسێکی یۆنانی لە شار-دەوڵەتدا شتێکە لە چوارچێوەی ژینگەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی، بەڵام کاتێک هەمان کەس و ژینگە دەبێتە بەشێک لە کۆی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی، بەدڵنیایی پێویستی بە پێناسێکی ترە.

کەواتە هاوڕا لەگەڵ توێژەر ڕۆزێلار(Roselaar)، پێویستە جەخت لەوە بکرێت، ئەو یەکگرتنە کولتوری هەمیشەیی و یەک جۆر نییە، بەڵکو چەندین جۆری جیاوازی یەکگرتن دەشێ ڕوبدات، بۆ نمونە سیاسی، زمانەوانی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوری و ئایینی، هەمو ئەم جۆرە یەکگرتنانە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵام مەرج نییە هەمویان لە یەک کاتدا ڕو بدەن، یان تەنانەت بە هیچ شێوەیەک ڕوبدەن (4 :2015)، واتە ئەگەر هەموشیان بەیەکەوە ڕونەدەن، دەشێت لە هەندێکیاندا ڕوبدەن، چەندین فۆرمی شوناس بونیان هەیە، هەستکردن بە ناسنامەی کەسی، بەڵام شوناسێکی کۆمەڵایەتیش، هەستکردن بە ئینتما بۆ سەر گروپێک دروست دەکات (Roselaar, 2015: 8).

جگە لەمەش حکومەتی ڕۆمانی تەنها بە ڕەچاوکردنی بەرفراوانی جوگرافیای ئیمپراتۆرییەت و کاریگەرییەکانی دوری لە مەڵبەند و، بەبێ هاوکارییە ناوخۆییەکانی ئەم ناوچانە مەحاڵ دەبو بە تەواوی سەرکەوتوبێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکی پێش پیشەسازیدا کە پەیوەندییەکان سنورداربون، بە خێراپی خێراترین ئەسپ یان لە باشترین حاڵەت ڕەنگە هەواڵی مردنێک بۆ چەند هەفتەیەک نەگەیشتبێتە ناوچە دورترەکان، بۆیە دەسەڵاتی ڕۆمانی پەیوەست بو بە ڕادەستکردنی دەسەڵات بۆ ئاستی ناوخۆیی، ڕەنگە زاراوەی ئەوەی لە مودێرنە پێی دەوترێت شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان گونجاوبێت، نەک تەنها بۆ بەرپرسانی ڕۆمانی، کە ئازادییەکی فراوانی کارکردنیان هەبو لە زۆربەی کاروبارەکاندا، بەڵکو بە هاوکارە نێوخۆیی ڕەسەنەکانیانەوە (Morley, 2012: 48-49).

بەم شێوەیە فراوانبونی ئیمپراتۆریەت لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا پەیوەست بو بە دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ سەدان شاردا، هەریەکەیان زاڵبون بەسەر ناوچەی نزیکی خۆیاندا؛ پێش داگیرکردن و لەخۆگرتن، بەڵام ئەگەر پێویست بو دوای ماوەیەکی گونجاو و دوای خۆبەدەستەوەدانیان، سەربەخۆییان پێ بدرێت لە بەرامبەر ملکەچبون بۆ هەژمونی ڕۆمانی، بەشداریکردن لە سەرچاوە ڕۆمانییەکان و هاوکاریکردن لە بازرگانیی حکومیدا (Morley, 2012: 49). لەبەر ئەوەش کە ڕەنگە بە گشتی ئەم جۆرە ڕێکەوتن و پەیوەندیانە، لە مەودای دوردا جۆرێک لە کارلێک و تێکەڵاوبونی کۆمەڵایەتی خۆویستانەی لێبکەوێتەوە، کە جیاواز بوبێت لە شێوازی داگیرکاری ڕاستەوخۆ و لکاندن، بۆیە دەکرێت ئەمە لە سیاسەت و ڕوانینی سەربازیانەی دەسەڵاتدارانی ڕۆمانیش بخوێندرێتەوە.

جگە لەوەی یەکێک لە ئارگیومێنتە (پاساوهێنانەوە) سەرەکییەکانی مشتومڕی ئێستای بەڕۆمانیکردن، کراوەیی و نەرمی و گونجانی کولتوری ڕۆمانییە (Tacoma, 2015: 138)، لەهەمان کاتدا لە ڕەچاوکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆما و شارو هەرێمەکان، گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە ڕۆمەکان ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ زۆرینەی ڕەهای ڕەعیەتەکانیان نەکردوە، ئەوان هەوڵیاندەدا پەیوەندی لەگەڵ دەستەبژێری ناوخۆیی باڵادەست دابمەزرێنن، کە بەزۆری ئەرستۆکراسیەکی هۆشیاری پێگە و شار بو، کە دەسەڵاتەکەی لەسەر بنەمای لەدایکبون، سامان، خاوەندارێتی زەوی و قۆرخکاری ئایینی و فەرمانگە سیاسییەکان، بە واتایەکی تر، کەسانی وابەستەی خۆیان بون و دەکرا پشتیان پێببەستن بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی ناوخۆیی و کۆنترۆڵکردن و زاڵبون (Morley, 2012: 50).

سەبارەت بە دەستەواژەی بەڕۆمانیکردن (Romanization)، زۆر قسەی لەسەرکراو، بەزۆر شێواز ناسێندراوە، بەڕۆمانیکردن زاراوەیەکی گرنگە، وکارلەسەرکردنی زانستی زۆری بەخۆیەوە بینیوە؛ بەڕۆمانیکردن بە پلەی یەکەم ئاماژەیە بۆ پرۆسەی ئاوێتەبون (ئاسمیلەکردن)[9]ی کۆمەڵێک یان گروپێک بۆ ناو کایەی کاریگەری ڕۆمانی ( Webster, 2001: 210). ڕەنگە سادەترینیان ئەوەی توێژەرە بێت کە پێیوایە بەڕۆمانیکردن بەگشتی بۆ هەمو ئەو پرۆسانە بەکاردەهێنرێت،

کە تێیدا گەلانی ڕەسەنی جۆراوجۆر یان خۆیان لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا تێکەڵکردوە یان بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵیدا پەیوەست (پەیوەندیکردن) بون (Barrett, 1997: 51).

بۆ ئەم زاراوەیە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دارێژراوە، و تا ئێستاش لە گوتاری گۆڕانکاری کولتوری لە زۆرێک بابەتی ئەکادیمی زاڵە و لە هەندێکشیاندا ڕەخنەی توندی بەرکەوتوە، هینگلی (Hingley)، ڕوانگەی دو توێژەری پێشخۆی هێناوەتەوە، یەکێکیان کە بەشێکی دیدگاکەی بۆ پرۆسەی بەڕۆمانیکردن ئەوە بو کە نوێنەرایەتی هێزێکی ئەرێنی دەکات بۆ چاکە، بەو واتایەی پیاوانی ئیمپراتۆریەت بۆ باشتر و بەختەوەری جیهان کاریان دەکرد، بە بڕوای ئەو سەرکەوتنی ڕۆما لە بەشارستانیکردنی بەربەرەکاندا، دەکرێت وەک وانەیەک سودی لێوەربگیرێت، دەشێت پرۆسەکە بە پێشکەوتنخوازانە لێکبدرێتەوە، ئەوەی تریان گێڕانەوەی توێژەرێکی تر، سەبارەت بە ڕۆمانکردن تاڕادەیەک نزیکە لەوەی یەکەمیان، بەڵام هەندێک توخمی لابراوە، سەرنجی بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر نوخبەیە، کە کولتوری ڕۆمەکانیان گرتەبەر، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە زیادبوە کە لە ڕێگەی پشتیوانی ڕۆمەکانەوە بەدەستیان هێنابو، ئەوانەی لە پلەبەندی کۆمەڵایەتیدا نزمترن تەنها ڕۆڵێکی لاوەکییان هەیە (82 :1997).

جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هەر لە سەردەمی داگیرکردنی ئیتالیا لەلایەن ڕۆماوە چەند سەدەیەک پێشتریش، ڕۆما هەمیشە مەیلی ئەوەی هەبوە کە لە هەر کۆمەڵگەیەکی بیانیدا لایەنگری پیاوە موڵکدارەکان بکات، کە بە شێوەیەکی ئاسایی خاوەن زەوین، و پاداشتی سیاسی و ئیمتیازاتی پێدەدان و تا بیانهێنێتە ناو بازنە و خولگەی ڕۆمانی، ئەم سیاسەت و هاوپەیمانییە بەردی بناغەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بو، هەمیشە لایەنگری حکومەتی ئۆلیگارشی بو لە شارەکاندا، تا سەردەمی ئیمپراتۆرەکانی بنەماڵەی فلاڤیان ٦٩-١٣٨ز (Flavian)، ئەندامانی ئەنجومەنی ناوخۆیی بە بەردەوامی پۆستیان هەبوە و بەرپرسیار نەبون لە بەرامبەر خەڵکی ئاسایی، لەمەش ئەوە ڕون دەبێتەوە کە نەک تەنها لە ڕوی سیاسی و کارگێری ڕۆما پشتی بە نوخبەی نێوخۆیی بەستوە، بەڵکو لە مەبەستی سەربازیشدا، توێژەرێک نمونەیەکی هێناوەتەوە کە بۆ ئەم بۆچونە گونجاوە، وتویەتی کەسێک بەناوی ئایلیۆس ئاریستیدس بۆ ڕۆمای نوسیوە کە پێویست بە گاریسۆن ناکات بۆ ڕاگرتنی ئەکرۆپۆلیسەکان بەڵکو گەورەترین و بەهێزترین پیاوەکان لە هەمو شارێکدا پارێزگاری لە نیشتمانی باوکی خۆیان دەکەن بۆ ئێوە (Harris, 2016: 158)، پێدەچێت مەبەستی نوخبەی شارەکان بێت.

بە تێگەیشتنی هینگلی (Hingley) پرۆسەکانی گۆڕان دەبێ بە شێوەیەکی ئاڵۆز چەمکسازی بکرێن، بەجۆرێک پەیوەندییان بە بیرۆکەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و شوناسەوە هەبێت، پێیوایە پێویستە لێکدانەوە چالاکتر و ئاڵۆزترەکان لەبەرچاو بگیرێن زیاتر لەوانەی، کە دیدگای پێشکەوتنخوازانەی ئێستا بۆ بەڕۆمانیکردن پێشکەشی دەکەن، بە پشتبەستن بە شوێنەوارناسان زیاتر ئارەزو دەکات بەرخۆدان و کاردانەوەی کردەوەکانی بەرەنگاربونەوە لەلایەن دانیشتوانی ڕەسەنەوە لەهەمبەر زاڵبونی ڕۆمانەکان لەبەرچاو بگرێت لە بەریتانیا وەک نمونە (87 :1997)، کە ڕەنگە مەبەستی ئەوەبێت ناکرێت تەنها لە ڕوانگەی ڕۆمانییەوە سەیری بکرێت، بەڵکو هەوڵبدرێت هەڵوێست و کاردانەوەی گەلانی ژێردەستەش ببینرێن، تا وێنایەکی باشتر و ڕونتری هەبێت.

ئەگەر بەڕۆمانیکردن وەک پرسێکی سەربازی و پرۆسەیەک بۆ تێگەیشتن لە بونی ڕۆمانەکان لەسەر خاکی ناوچەیەک یان هەرێمێک سەرچاوەی گرتبێت، و بوبێتە هۆی گۆڕانکاری لە کولتوری خەڵکی ڕەسەن، تێبینی دەکرێت پرسی بەڕۆمانیکردن لە ڕۆژئاوای وڵاتی ڕۆمانی کارێکی ئاسانتر بوبێت، بەو پێیەی لەوێ ڕۆما ڕەگەزەکانی دۆزییەوە کە هێشتا لە دیدی ڕۆمانییەوە شارستانی نەبون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوی ڕەگەزییەوە توانای قبوڵکردنی کولتورەکەی هەبوە،

بە پێچەوانەوە بۆ پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات کە سەرنجەکان جیاوازترن، ئەمەش زیاتر بەهۆی ئاراستەی مانەوەی کولتوری یۆنانی بو، بە ڕونی یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باڵاتر (Lulić, 2015: 20-21)، مەسەلەی کولتوری باڵاش بۆ ڕۆما ڕاستە، چونکە یەکێک لە پێناسەکانی تیشک دەخاتە سەر گونجانی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگایەکی باڵادەستی کولتوریێکی یەکگرتو، توێژەرێکیش پێیوایە، شتێک نییە بە ناوی کولتورێکی (پاک)ی ڕۆمانی، چونکە ڕۆما و ئیتالیا خۆیان لە تۆڕێکی کولتوریی هێلینیستی، ئیتالیکی، و جیهانەکانی دەریای ناوەڕاست گیریان خواردبو (Roselaar, 2015: 3).

لەڕاستیدا لەو توێژینەوەیەدا نە ویستراوە شەن وکەوی چەمکی بەڕۆمانیکردن بکەین، چونکە بابەتی ئەو نییە و ئەو پرۆسانە هێشتا مشتومڕی لەسەرە ,نە سەلماندنی پاکی و باڵادەستی کولتوریی، بەڵکو پێیوایە هزری سەربازیش کەم تا زۆر کاریگەری لەسەر ئەم بابەتە هەبوە، بەو پێیەی سەربازی ڕۆڵی کارا و بەشداری گرنگی لە کۆمەڵگادا دەکرد، نەک تەنها لە کایەی سەربازی، بەڵکو بگرە لە کایە مەدەنییەکانیش، سەربازە دێرینەکان هێزێکی گرنگیان پێکدەهێنا بۆ بەڕۆمانیکردن بە تایبەتی لە ناوچە سنورییەکان، تەنانەت ئەگەر سەربازە دێرینەکان بەشێکی زۆریان لە دانیشتوانی زۆرێک لە ناوچەکان پێک نەهێنابێت، ئەوا لە ڕێگەی ئیمتیازەکانیانەوە و بەتایبەتی لە ماوەی سەدەی یەکەم و دوەمی زایینیدا، بە ڕەگەزنامەی ڕۆمانی خۆیان بە ڕونی لە دانیشتوانی ئاسایی جیا دەکردەوە، جگە لەوەش لە زۆر شوێن سامانێکی زیاتریان لەبەردەستدا بو لە چاو زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە (Wesch, 2007: 447). سەربازی نوێ و سەربازەدێرینەکان بە شێوەیەکی ئاسایی هاوڕێیەتییەکی نزیک و پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتردا پێکهێناوە، بەجۆرێک کە لانیکەم لە هەندێک هەرێم دەتوانین باسی کۆمەڵگەیەکی سەربازی جیاواز بکەین (Wesch, 2007: 447).

دیارە هەندێک جۆری ئاوێتەبون ڕاستەوخۆ هەبوە، بەڵام زۆر نیشانە هەیە کە دەریدەخەن گۆڕانکارییە کولتورییەکان هەمیشە تەنیا پرۆسەیەکی یەکلایەنە نەبون، بە نمونە خەڵکی ناوچەیەک هێما کولتورییە ڕۆمانییەکانیان وەرگرتوە، ڕۆمەکانیش تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانیان هەڵگرت، ئەوەش لە وەرگرتنی دامەزراوە ناوخۆییەکاندا دەردەکەوێت، بە نمونە تەرخانکردن بۆ خوداوەندە ناوخۆییەکان لەسەر دیواری هادریان (Huskinson, 2000: 23).

زاراوەی بەڕۆمانیکردن بە شێوەیەکی نەریتی بۆ وەسفکردنی ئاوێتەبون لەلایەن هەرێمەکانەوە بەکارهاتوە، بەتایبەتی لەلایەن نوخبەی هەرێمەکان، لە کولتوری ڕۆمانی بە هەمو جۆراوجۆرییەکەیەوە، لە کەرەستە و فۆرمەکانی هونەرەوە تا ناوانی کەسی و یاسای ڕۆمانی، بەڵام کارەکانی ئەم دواییە جەختیان لەوە کردوەتەوە کە بەکولتوریکردن لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتدا تەنیا گواستنەوەی کولتوری ڕۆمانی نەبوە بۆ ئەو نا ڕۆمانییانەی کە ئیمپراتۆریەتەکە لەخۆی گرتبون، بەڵکو کارلێکی نێوان ڕۆمانەکان و هەرێمەکان هاندەرێکی سەرەکی بو بۆ دەستکاریکردنی بەردەوام و ئاوێتەبونی کولتورە باڵادەست و ژێردەستەکان (Boatwright, 2000: 13-14)، ئەم بەخشین و وەرگرتنە بە ڕونی لە کارلێکەکانی ڕۆما لەگەڵ ئەو هەرێمانەدا دەردەکەوێت کە زمانی یۆنانی زمانی سەرەکی بوە، کە زۆربەیان لە دەوروبەری دەریای ئیجە بون و پێش سەردەمی هادریان، نوخبەی ڕۆما فێربونی یۆنانی و دەستکەوتە کولتورییەکانی لە باوەش گرتبو ( Boatwright, 2000: 14).

بەکارهێنانی کەلوپەلی (ماددی) هێماییش دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە نیشاندانی پێناسەکردنی نوێ ناسنامەدا، بۆ نمونە شوێنەوارە جیاوازەکانی وەک مێنۆرای جولەکەکان (مۆمدانەری فرە لق) یان چرای تێراکۆتا، کە بە هێمای مەسیحی ڕازاوەتەوە دەتوانرێت لە نزیکەوە پەیوەست بکرێت بە ناسنامەیەکی دیاریکراوەوە (Perkins, 2000: 200)، وەک هێمێلریک (Hemelrijk) لە کتێبەکەیدا پێشنیار دەکات، کە کاریگەرییەکانی بەڕۆمانیکردن زیاتر بوە، بەتایبەتی دوای

بڵاوبونەوەی هاووڵاتیبون و یاسای ڕۆمانی، ناوی ڕۆمانی، پەیکەری پۆرترێت و نوسراوەکانیان بە زمانی لاتینی شایەتحاڵی یەکسانبونیان بو لەگەڵ داب و نەریتی ڕۆمانییەکان، لانیکەم لەبەردەم خەڵکدا لەگەڵ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی ڕۆمانییان، ئەمە بانگەشەی ڕۆمانبونیان بەو کەسانە بەخشی، کە لە شارەکانی هەرێمەکان دەژیان و لە خێزانە ڕەسەنەکانەوە سەرچاوەیان گرتوە (36 :2015).

جگە لەوەش کۆلۆنییە ڕۆمانییەکان ڕەنگە بە ڕێکەوت ڕێگەیەک بون بۆ بڵاوبونەوەی کولتوری ڕۆمانی، هەروەها بە تێپەڕبونی کات گۆڕانی خێرای بەسەرداهاتوە، دەشێت کۆلۆنییەکان بۆ کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ڕۆمانی مەغزا و مانا ئەرکی جیاوازیان هەبوبێت (Biglino, 2016: 219). لە هەمو گرنگتر لە لێکۆڵینەوەکانی دەیەکانی ڕابردودا، لە باسی فراوانبونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و تێکەڵکردنی کولتوری هەرێمەکان بۆ ناو ئیمپراتۆریەت، هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا جیاوازەکان، ئەوە ڕون بۆتەوە بەڕۆمانیکردن ئاسان نەبوە، واتە ئەستەم بو ڕۆما بتوانێت وەک ئەرکێک، شارستانیەتی و کولتوری ڕۆمانی تەواو یەکسان لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتدا بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، هەورەها دان بەوەدا دەنرێت کە کۆمەڵگە ناوخۆییەکان ڕۆڵێکی چالاکیان هەبوە، نەک تەنها ڕۆڵێکی پاسیڤ لە یەکگرتن لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا و توانیویانە و هەبون وەڵامی جیاوازیان هەبێت، وەڵامەکان بۆ ئیمپراتۆریەت دەتوانێت نەک تەنها لە هەر هەرێمێکدا، بەڵکو بۆ هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی و بۆ هەر تاکێکیش جیاواز بێت (Dijkstra, 2015: 154).

ئەوەی کە ڕۆمانەکان پەرەیان بەڕۆمانیکردنی نوخبەی ناوچەکان داوە، سەرسوڕهێنەر نییە، چونکە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی نەیدەتوانی بەو قەبارە گەورەیەی خۆی گەشە بکات، ئەگەر کۆنترۆڵی سەربازی ڕاستەوخۆی هەمو دانیشتوانی هەرێمەکە پێویست بوایە، حکومەتێکی باش و ئیدارەی کارا پێویستی بە هاوکاری هەبو، بەم پێیە، بەڕۆمانیکردنی سەرکەوتوانەی نوخبەی ڕەسەن بۆ کارگێڕی ناوخۆیی و بۆ کۆنترۆڵکردنی کولتوری کۆمەڵگا لە ڕێگەی تۆڕی شارەکانەوە زۆر گرنگ بو، ئەمەش دەیسەلمێنێت ئامرازی کۆنترۆڵکردنی کولتوریی خاکی داگیرکراو گرنگییەکەی کەمتر نییە لە هێزی سەربازی (Hanson, 1997: 78).

بە واتایەکی تر سەرەڕای ئەوەی کە نابێت گرنگی هەڕەشەی هێزی سەربازی کەم بکرێتەوە، بۆ نمونە تا سەدەی دوەمی زایینی هەندێک ناوچە، وەک باشوری ئیبێریا، هیچ گاریسۆن (garrison) شوێنێکی قەڵادار کە سەربازی تێدا نیشتەجێبونی هەمیشەییان نەبو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هێزی سەربازی تاکە ئامراز نەبو، کە دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆری لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتیان هەبو، بەڵکو دەسەڵاتی ئیمپراتۆری لە ڕێگەی گونجاندنی بەرژەوەندییەکانی داگیرکراو، لەگەڵ بەرژەوەندی داگیرکەرەکانیان بەڕێوەدەچو (Revell, 2009: 191).

لە کۆتاییدا، وا دەخوازێت ئاماژە بەوەبکرێت، کە مەرج نییە ئەم کارلێک و کاریگەرییانە هەموی بەرئەنجامی هزری سەربازی بوبێت، دەشێت بەشێکی پەیوەندی بە جولە و کۆچی ئاسایی و خۆویستانەی کەسی و مەدەنییەوە هەبوبێت، بۆ نمونە، کۆمەڵکوژی ئیتاڵییەکانی ساڵی ٨٨ پێش زایین لە ئاسیای بچوکدا، -بەچاوپۆشین لەسەر کۆی ژمارەی کوژراون کە نوسەرانی کۆن ئاماژەیان پێکردوەو، پێدەچێت زیادەڕۆیی زۆری تێدابێت، یان لە ئاستێکی باوەڕپێکراو نەبن-بەڵام، بەکۆی گشتی هێشتا ئاماژەیە بۆ گەورەیی ژمارەی ئیتالییەکان لە دەرەوەی وڵات، ئەم ئیتاڵیانە بەسەر زۆرێک لە شارەکاندا بڵاوبونەتەوە، و بۆ نمونە پێناچێت ئەمانە لە ئاسیای بچوکدا وەک بەشێک لە هەر پرۆژەیەکی نیشتەجێکردنی بەکۆمەڵ بوبێت لەلایەنی دەوڵەتییەوە (Isayev, 2014: 126-127). هەرچەندە ئەو شتانەی باسکران نادیدەبگرین، بەڵام پرۆسەی هێرشی سەربازی و بە سەربازیکردنی تاکی ناوچە جیاوازەکان، هەوڵی ئاوێتەکردنی کولتورە جیاوازەکان هەڵقوڵاو

لە پاشخانی هزری سەربازی، کاریگەری هەرە لەپێشی هەبوە لە ڕەخساندنی زەمینە هێنانەئارای ناسنامەیەکی شێوە ڕۆمانی لە سەرانسەری سنوری قەڵەمڕەوی ڕۆمانیدا.

## باسی سێیەم: گۆڕانی ڕەگەزنامە و پرسی هاووڵاتیبون وەک بەرئەنجامی هزری سەربازی

بەپێی ئەفسانەی دامەزرێنەری شاری ڕۆما، و گەشەسەندنی سەرەتایی شارەکە لەسەر بنەمای دروستکردنی پەناگە لەلایەن ڕۆمۆلۆس ٧٥٣-٧١٦پ.ز (Romulus)ەوە بوە، پێشوازی لە کۆیلە هەڵهاتوەکان، دەربەدەرەکان، تاوانباران و هەر کەسێکی دیکە دەکرد، کە ئارەزوی بەشداریکردنیان هەبوە، لەسەردەمانی پاشتر وەک ڕێزگرتن لەم بنەمایە، یان وەک سیاسەتێک کە دواتر لە ڕێگەی ئەفسانە ڕەوایەتی پێدراوە، لە ڕەوتی فراوانبونیاندا ڕۆمییەکان هاووڵاتیبونیان، بە فۆرمێکی جیاواز، بە مافی جیاوازی بەشداری سیاسی، بە تاک و کۆمەڵگە هاوپەیمانەکان لە ئیتاڵیا و دەرەوەی ئیتاڵیا بەخشی (Morley, 2010: 51). ئەوەی پێی دەگوترێت شەڕی کۆمەڵایەتی کە ئەم شەڕە لەساڵی ٩١ پێش زایین وەک یاخیبونی هەندێک لە هاوپەیمانەکانی ئیتالیا دەستی پێکردبو، کاتێک هەستیان بەجۆرێک بێزاری دەکرد بەهۆی ژێردەستەیی خۆیان لە ژێر هەژمونی ڕۆمانییەکان، هەندێک لە هاوپەیمانە یاخیبوەکان داوای مافی یەکسان بون لە دابەشکردنی زەوی و پشکێکی یەکسان لە دەستکەوتی شەڕەکاندا دەکرد، هەندێکی تر لە هاوپەیمانان دەیانویست ڕەگەزنامەی ڕۆمانی وەربگرن، لە کاتێکدا هاوپەیمانەکانی دیکە ئارەزوی ئەوەیان دەکرد دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت، سەرەتا ڕۆمانەکان تەنها بەڵێنیاندا ڕەگەزنامەی ڕۆمانی بدەن بەو هاوپەیمانانەی کە وازیان لە شەڕەکە هێنا (Birley, 2007: 169).

پێدانی ڕەگەزنامە هەم پرسێکی سیاسی-سەربازییە، هەم ئابورییە، ئەم سودە ئابورییە گەورەیە ڕەنگە یەکێک بێت لەو هۆکارانەی کە ئەنجومەنی پیران ئامادە نەبوە ڕەگەزنامە بدات بە ئیتالییەکان، چونکە ڕێوشوێنێکی لەو شێوەیە زیاتر لە دو هێندە خەرجییە سەربازییەکان زیاد دەکات، لەڕاستیدا ئەگەر هەمو ئەو سەربازانەی ڕۆما خراونەتە ناو گۆڕەپانی جەنگ هاووڵاتی ڕۆمانی بونایە، ئەوا دەبو موچەکەیان لەلایەن ئایراریۆم[10] (گەنجینە) دابین بکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم سودە داراییە گەورەیە، سەیر نییە کە ئەنجومەنی پیران[11] زۆرجار بەرەنگاری هەر پێشنیارێک بوەوە بۆ پێدانی مافی هاووڵاتیبون بە هاوپەیمانان (Gauthier, 2015: 118).

دەکرێت ڕەگەزنامە وەک بابەتێکی مەدەنی و خزمەتگوزاریش لە ڕوانگەی سەربازی سەیر کرابێت، مێژوناس سویتونتوس (Suetonius)، هەر لە کارەکانی یولیوس قەیسەر ١٠٠-٤٤پ.ز (Julius Caesar)دا ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەو ڕەگەزنامەی هاووڵاتیبونی بە هەمو ئەو کەسانە بەخشی کە لە ڕۆما کاری پزیشکییان دەکرد، یان وانەی هونەری ئازادی جیاوازیان دەگوتەوە، بۆ ئەوەی ئەوان زیاتر بە ئامادەییەوە بەردەوام بن لە ژیان لە شارەکەدا و هانی خەڵکانی دیکەش بدات، تا پەیوەندییان پێوە بکەن (Suetonius, 2000: 43).

پێشتریش قەیسەر لە کاتی ململانێکانی لەگەڵ پۆمپیۆ لە ڕێگەی پرایتۆرەوە کە سپۆنسەری یاسایەک بکات، کە ڕەگەزنامەی تەواوی ڕۆمانی پێ ببەخشێت، هەروەها لە ڕێگەی ئەوەوە ڕایاگەیاند کە قەیسەر پاداشتی ئەو کەسانە دەداتەوە، کە پشتگیری دەکەن و سەریدەخەن (Tacitus, 2004: 11.24)، دواتر لە شەڕی فرسالوس (Pharsalus) لە ساڵی ٤٨ پێش زایینی، توانی بەسەر ڕکابەرەکەی زاڵبو، کە خاڵی وەرچەرخان بو لە مێژوی ڕۆمانی، چونکە هیواکانی نوخبەی دەسەڵاتدار لە مەیدانی ئەو شەڕەدا کۆتاییهات.

هەروەها دەتوانرێت ئامادەیی ڕۆما بۆ درێژکردنەوەی ماوەی پێدانی مافی هاووڵاتیبونی بۆ دادوەرانی شارۆچکەکان وەک بەشێک لە پرۆسەی هاندانی نوخبەی ناوخۆیی لە گەشەپێدانی سەرکەوتوی شارەکاندا، لەسەر مۆدێلی ڕۆمانی سەیر بکرێت، و درێژکردنەوەی ماوەی پێدانی ئەو مافە بۆ سەربازە یارمەتیدەرەکان کە ماوەی خزمەتکردنیان تەواو کردبو لە درێژخایەندا یەکێک بو لە کاریگەرترین شێوازەکان بۆ بڵاوکردنەوەی کولتوری ڕۆمانی زیاتر لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، لە هەردو حاڵەتەکەدا، هاووڵاتیبون وەک پاداشتێک بۆ خزمەتکردن بە ڕۆما سەیر دەکرا و خزمەتێکی زۆری دەکرد بۆ بەرەوپێشبردنی کێبڕکێ بۆ ئیمتیازەکانی (Hanson, 1997: 77)، جگە لەوەش، ئەو کەسانەی کە هاووڵاتی نەبون و لە سوپادا خزمەتدەکەن، لە کاتی دەرچونیان ڕەگەزنامەی ڕۆمانییان وەرگرتوە، ئەمەش وایکردوە ڕەگەزنامە ببێتە بابەتی تەواوی پەیوەندییە یاساییە مەدەنییەکان (Pavlov, 2013: 12-13).

زۆرجار دەستێوەردانەکانی حاکم و ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان لە هەرێمەکاندا بە مەبەستی بەهێزکردنی لایەنگرانیان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆما بوە، تاکەکان و خێزانەکانیان لە ڕێگەی بەخشینی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی و لێخۆشبون لە باج یان پێدانی جیاوکی تری وەک نازناوی شەرەف یان مافی کۆکردنەوەی هەندێک باج لە هاووڵاتی هاونیشتمانیان، پاداشت دەدرانەوە (Morley, 2010: 50-51). لە کاتێکدا لە سەردەمی کۆماریدا بەخشینی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی میکانیزمێکی کلاسیکی پێشتر بوە بۆ پاداشتکردنی ئەو کەسە بێگانانەی، کە خزمەتێکی گرنگیان پێشکەش بە دەوڵەتی ڕۆمانی کردوە، پێدەچێت ئەم پاداشتە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریشدا تا درەنگانێک بەردەوام بوبێت، بەڵام لەمەشدا جیاکاری و کراوەو پلە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو گیراون، بەڵگەی متمانەپێکراو جەخت لەوەدەکەنەوە کەئەندامانی دەستەبژێرە ناوخۆییەکان بە تێکڕا ئەگەری بەدەستهێنانی هاووڵاتیبونی ڕۆمانی زیاتر بوە لە چاو جەماوەری دانیشتوانی ئازاد، هەروەها لە هەرێمەکانی ڕۆژئاوادا بەخشینی بەربڵاوی پێگەی لاتینی بە ئەندامانی کۆمەڵگا هەرێمەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مافی ئەو خێزانانەی مسۆگەر دەکرد، کە پۆستی دادوەرییان بەدەستهێنابو (Burton, 2001: 203).

سویتۆنیوس (Suetonius) هەڵوێستی ئیمپراتۆر ئۆگستوس ڕون دەکاتەوە، کە ئەو بە گرنگییەکی زۆری دەزانی کە خەڵکی ڕۆمانی بە پاکی بمێنێتەوە بەبێ تێکەڵبون بە خوێنی بیانی یان کۆیلایەتی، بەخشینی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی بە دەگمەن بێت و سنورێکیش بۆ مانومیشنەکان (manumissions)[١٢] دابنرێت، بە نمونە کاتێک داوای ڕەگەزنامەی بۆ کەسێکی گالی دەکرا، ئەو ڕەتیکردەوە، لەبری ئەوە پارێزبەندی لە باجدان پێشکەشکرد، ئەوەی چونکە پێیوابو باشترە بەرگەی هەندێک لەدەستدانی داهات بگرێت نەک شەرەفی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی بکرێتە شتێکی باو ( Suetonius, 2000: 64-65) ، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بەردەوام لەسەر هەڵوێستەکەی سور بوە، ساڵانی دواتر هەندێک شاری هاوپەیمان بە پێدانی ڕەگەزنامەی لاتینی یان ڕۆمانی پاداشت کرد، لە بەرانبەر خزمەتەکانیان بە گەلی ڕۆمانی (Suetonius, 2000: 69)

لە ساڵی ٢١٢ی زایینی، لە ژێر بارودۆخێکدا کە تا ئێستا ناڕونە، ئیمپراتۆر کاراکالا ٢١١-٢١٧ز (Caracalla) چوارچێوەی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی بۆ هەمو دانیشتوانی لەدایکبوی ئازادی ئیمپراتۆریەتەکە درێژکردەوە، کە کاریگەرییەکی گرنگ و دەستبەجێی لەسەر یاساکانی کۆمەڵگا و یاسای تایبەت هەبوە (Rocco, 2010: 131-135)، هەرچەندە دیۆ (Dio) بەتەواوی جەخت لەسەر ڕەهەندی ئابوریی فەرمانەکە دەکاتەوە، (1924, 75, 9, 4-5)، بەڵام ئەمە بە ڕونی ڕوداوێک بو کە گرنگییەکی گەورەی هەبو، لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزدا لەگەڵ پێشهاتەکانی مێژوی کۆمەڵایەتی، بەخشینی گشتگیری هاووڵاتیبون یەکێک بو لەوانە، هاوتەریب لەگەڵ پێشهاتەکان بۆ ئەوەی سروشتی پەیوەندی سیاسی و

کۆمەڵایەتی یەکبگرن، دواجار دەکرێت وەک هەوڵدانێک تا هەمو ئەندامەکانی لە باوەش بگرێت، بهێنرێتە بەرچاو، هەر لەم پاشخانەدا دەبێت سەیری هەوڵی ئیمپراتۆر بکەین بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دانیشتوانی بەرفراوانی ئیمپراتۆرییەت لە ڕێگەی دەستورە نوێیەکەیەوە بکرێت، کە بە دەستوری ئەنتۆنینەوە (Constitutio Antoniniana)[١٣] ناسراوە، لەم دواییانەدا باس لەوە کراوە کە فەرمانەکە لانیکەم بەشێکی وەک پێناسەکردنەوەی ناسنامەی ڕۆمانی کاردەکات، بەو پێیەی زۆرینەی ڕەهای دانیشتوان قەرزاری مافی ئیمپراتۆر دەبن، هەربۆیە ڕۆڵێکی بێدەنگ دەگێڕن لە قبوڵکردنی وەشانی ئەو ڕوداوانەی کە کاراکالا پێشکەشی دەکات (Imrie, 2015: 56-57).

کەواتە لەم چوارچێوەیەدا، پێدانی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی بە هەمو دانیشتوانی ئازادی ئیمپراتۆریەتەکە لەلایەن کاراکالا لە ساڵی ٢١٢ی زایینیدا، ناتوانرێت تەنها لە پاڵنەرێکی داراییدا کورت بکرێتەوە کە ئامانجی ئەوەیە هەمو کەسێک بەرپرسیار بێت لە باجی میرات کە تەنها بەسەر ڕۆمەکاندا هاتوە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی هەستێکی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری ئیمپراتۆریەت (Bransbourg, 2016: 359). دەشێت ئەم دەستورە نوێیەی ئیمپراتۆر کاراکالا وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت و بە هەوڵێکی سەر لەنوێ بە ئاراستەی نوێبونەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئیمپراتۆری دابنرێت.

وتراوە کە بڵاوبونەوەی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی و یاسای مەدەنی ڕۆمانی لە شارۆچکە ناوخۆییەکاندا لێکەوتەی دور مەودای هەبوە بۆ نمونە لەسەر پێگەی ژنان، ئەمەش بە تایبەتی بۆ یاساکانی هاوسەرگیری و میرات دەگونجێت، بەجۆرێک پەرەسەندنی وردە وردەی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی و هێنانەکایەی یاسای مەدەنی ڕۆمانی لە شارە هەرێمەکانی ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست لە دو سەدەی یەکەمی زایینیدا، دەبێ وایکردبێت کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی ژن میراتگر و خاوەندارێتی و بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی بڕێکی زۆر لە موڵک و ماڵی خۆیان بکەن، بەبێ دەستێوەردانی پیاو (Hemelrijk, 2015: 22-23). هەرچی توێژەر وێڵزە (Wells)، پێیوایە لە ڕۆمای کۆماریخوازدا، جەنگ بەهێزترین بزوێنەری گۆڕانکاری بوە و ڕەنگە گرنگترین ڕێگە کە جەنگ ڕۆمای گۆڕیبێت، ئەوە بوبێت کە لە ڕێگەی داگیرکردن و لکاندنەوە، گەلانی نوێ بخاتە ناو کۆمەڵگەی ڕۆمانییەوە، ئەمەش بە کۆمەڵێک شێوازی جیاواز ئەنجامدرا، لەوانەش پێدانی پلە جیاوازەکانی ڕەگەزنامە بە کۆمەڵگاکانی دراوسێ، و پێشکەشکردنی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی بە ئەندامانی نوخبەی شارە هاوپەیمانەکانی ئیتاليا، وەک هاندەرێک بۆ پەیوەندییەکی نزیکتر لە هاوڕێیەتی، بەڵام بە بڕوای ئەم توێژەرە، قورسترین و نائاساییترین شتی ڕێگای ئەم پرۆسەیە ئەوە بو جەستەی کۆمەڵایەتی ڕۆمانی گۆڕی، ئەویش بە پراکتیکی وەرگرتنی کۆیلە ئازادکراوەکانەوە، کە لە ڕێگەی مانومیشنەوە سەرچاوەی گرتبو(2019: 267).

لەبەر ئەوەی ڕۆما ڕێژەیەکی بەرچاو لە کۆیلەکانی بەدەستهێنا، بۆیە ناچار بو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دوژمنەکانی نەک کە هەر لە شەڕدا شکستیان هێنابو، بەڵکو ناچاربون بەرگەی کۆیلایەتیش بگرن و دواتریش بیانخاتە ناو کۆمەڵگەی خۆیەوە، ئەمەش دژایەتییەکی ترسناکی خستە بەردەم ڕۆمەکان، لەبەر ئەوەی ئەوان پێشتر سوکایەتییان بە کۆیلەکان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کۆیلەی پێشویان، بەتایبەت ئەوانەی لە دوژمنانی پێشویان بە کۆیلەکرابون، کردە هاوڵاتی و هاوشاری خۆیان (Wells, 2019: 267).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، پێدانی ڕەگەزنامە ڕەهەندی مێژوویی، ئابوریی، سیاسی و سەربازیی هەبوە، کە ئەمەی دواییان لە هەمویان زاڵتربوە، کەدواجار سەرەڕای هەندێ لێکەوتە، بەڵام بە گشتی لەبەرژەوەندی پێکهاتە و جەستەی کۆمەڵایەتی ئیمپراتۆریەت بو. لە کۆتایی دەبێت ئەوە بگوترێت، کە پێدانی ڕەگەزنامەی ڕۆمانی و هاوڵاتیبون کاریگەریی نەرێنی ئابوری هەبوە، بە تایبەت لەسەر باج، کە لە باسی یەکەمی بەشی سێییەمی توێژینەوەکە تیشکی خراوەتە

سەر، جگە لەمەش دەشێت هۆکارێکی تریش بۆ پێدانی ڕەگەزنامە زیاد بکرێت، کە پێدەچێت لەلایەن توێژەران پشتگوێ خرا بێت، ئەویش ئەوە بەخشینی ڕەگەزنامە بۆ هێزی مرۆیی گرنگ بو.

## ئەنجام:


لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، کە لە چەند خاڵێدا ئاماژەیان پێدەکەین:

یەکەم: دوای یەکخستنی سیاسی-سەربازی بەشێکی زۆری جهیانی ئەو کاتی ئاوەدانی حەوزی دەریای ناوەڕاست، بەریەککەوتن لە نێوان کولتوری ڕۆمانی ئەو هەمەچەشنیە کولتورییەی لەناو ئیمپراتۆریەتەکەدا هەبو هاتە ئاراوە، وێڕای کاردانەوەو وەڵامە جیاوازەکان لە نێو گەلان و ناوچە جیاوازەکان، بەڵام بە سروشتی سەربازی و دونیابینی دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی بۆ بەرێوەبردن و ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردن، تاڕادەیەکی زۆر جۆرێک لە ئاوێتەبونی کولتوری بەدی دەکرێت، ئەمەش هەر لە شێوەی ڕێکخستن و دامەزراوە کارگێری و خۆشگوزەرانیی و ئاوەدانییەکانەوە بگرە تا بڵاوبونەوەی ناوی کەسی و زمان و کولتە (cult) ئاینی (سیستەمێکی تایبەتی بیروباوەڕی ئایینی) و نۆرمە کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و شێوازی ژیان، بە تایبەت لە نێو شار و کۆڵۆنییەکان بە پلەی یەکەم و دامەزراوەی سوپا بە پلەی دوەم.

دوەم:کاریگەری هزری سەربازی کاریگەری هەبو لەسەر دروستکردنی ویستی خۆبسەربازکردنی تاکی گەلانی نا ڕۆمانی و خۆ هەژمارکردنیان وەک تاکی کۆمەڵگە و کۆڵەگەی سەرەکی سوپا ڕۆمانی، بە تایبەت کاتێک کە پێویستی بۆ یەدەگی هێزی مرۆیی لە نێو دامەزراوەی سوپادا، وایکرد دەوڵەت ڕێگە بە وەرگرتن و هاتنەناوەوەی کەسانی خاوەن پێشینە جیاوازی کۆمەڵایەتی و ناڕۆمانی بدات، ئەمەش کاریگەری لەسەر ناسنامە و کولتوری ئەم وەرگیراوە نوێیانە هەبوە، چونکە توانییان پۆستی جیاوازی سەربازی و مەدەنی بەدەست بهێنن، ئەمەش پێویستی بە خۆگونجان و قبوڵکردنی ژینگەی نوێ هەبوە، کە دواجار کاریگەری ناسنامەی سەربازی و کولتوری باڵادەستیان لەسەر بوە.

سێیەم: یەکێک لە ڕەهەندەکانی پرسی هاووڵاتیبون و پێدانی ڕەگەزنامەی سیاسی-سەربازیی بو، کە کاریگەریی لەسەر چارەسەری یاسایی وەرگرتنی کارمەند لە نێو سوپا و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی خاوەندارێتی و میرات هەبو، ئەم بیرە سەربازییە کاریگەری بۆ سەر دەوڵەت و کایەی گشتی و لەسەر گۆڕانی ڕیشەیی لە پێکهاتەی سوپای ڕۆمانی بە تایبەتی لە ریزی لەشکرەکان و گۆڕانکاری لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هێزە چەکدارەکان بە گشتی هەبو، لەلایەک، لە لایەکیتر، بو بە هۆکارێک لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی چینی تازە و نوێبونەوەی چینە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان، چونکە فەزا و ژینگەکە بۆ کارلێک و بەرکەوتن لەبار بو، ئینجا بە مەبەست بوبێت یان بە ڕێکەوت.

## نەخشەی سنوری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و کۆلۆنییەکانی



## سەرچاوەكان:

بونقاب، عماد و بعيطيش، عبدالحميد (٢٠٢٠) مرسوم كركلا ٢١٢م وتاثيره على بلاد المغرب القديم خلال القرن ٣م. مجلة الإحياء، ٢٢(٣١) ٧١٣-٧٢٦.

عبدالغنى، محمد السيد (٢٠٠٥)، تاريخ السياسى للجمهورية الرومانية منذ نشاة روما حتى ١٣٣ق.م، ج١، مكتب جامعة الحديث.

علي، عبداللطيف احمد (٢٠١١)، التاريخ الروماني التاريخ الاجتماعي والاقتصادي والاداري و الديني والسياسي و العسكري، بيروت، دار النهضة العربية.

نصحى، ابراهيم (٢٠٠٤) تاريخ الرومان من اقدم العصور حتى عام ١٣٣ق.م، ج١، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

النوري، ميثم عبد الكاظم جواد (٢٠١٧) العلاقات الفرثية-الرومانية (٢٤٧-ق.م-٢٢٦م). بغداد، دار و مكتبة عدنان.

Dio, Cassius, (1924) The Roman History, volume 52, (New York: loeb Classical Library.

Josephus, F., (1890) The Works of Flavius Josephus. Tra, William Whiston
London, Routledge.

Strabo (2006) The geography, Tra, Horace Leonard Jones, Harvard University Press.

Suetonius, (2000) Lives of the Caesars. Tr. Catharine Edwards, 2, New York, Oxford University press.

Tacitus, (2004) The Annals, Translated, With Introduction and Notes, By A. J. Woodman, Hackett Publishing Company, Inc. Indianapolis/Cambridge.

Assmann, J., (2011) Cultural memory and early civilization: Writing, remembrance, and political imagination. Cambridge University Press.

Auguet, R., 2012. *Cruelty and civilization: The Roman games*. Routledge.

Barrett, J.C., 1997. Romanization: a critical comment. *Journal of Roman Archaeology-Supplementary Series-*, *23*, pp.51-66.

Bernard, Seth G. (2016) Seasonal Labour and Rural–Urban Migration in Roman Italy. Luuk de Ligt and Laurens E. Tacoma (Editor) In Migration and Mobility in the Early Roman Empire, Leiden and Boston, Brill (pp. 50-71).

Biglino, F., (2016) *The impact of the Roman Republican Army on the Italian economy*. Thiess (PHD) University of London.

*Birley, Anthony R. (2007) Making Emperors. Imperial Instrument or Independent Force? Edited: Paul Erdkamp, A Companion to The Roman Army,* USA, Blackwell Publishing,379-394.

Blanco-Pérez, A., (2015) Apamea and the Integration of a Roman Colony in Western Asia Minor. Saskia T. Roselaar (Editors). *Processes of Cultural Change and Integration in the Roman World*. Leiden | Boston, Brill, 136-153.

Boatwright, Mary T. (2000) *Hadrian and the cities of the Roman Empire*. Princeton and Oxford, Princeton University Press.

Bransbourg, G., (2016) Capital in the sixth century: The dynamics of tax and estate in Roman Egypt. Journal of Late Antiquity, 9(2), pp.305-414.

Bruun, Christer (2016) Tracing Familial Mobility: Female and Child Migrants in the Roman West. Luuk de Ligt and Laurens E. Tacoma (Editor) In Migration and Mobility in the Early Roman Empire, Leiden and Boston, Brill (pp. 176-204).

Burton, G.P., (2001) The Imperial State and its Impact on the Role and Status of Local Magistrates and Councillors in the Provinces of the Empire. BLOIS (Editors), *Administration, Prosopography and Appointment Policies in the Roman Empire*, Brill, 202-214.

De Ligt, L. and Tacoma, L.E., (2016) Approaching migration in the early Roman Empire. Luuk de Ligt and Laurens E. Tacoma (Editor) *In Migration and Mobility in the Early Roman Empire*, Leiden and Boston, Brill (pp. 1-22).

Dijkstra, T., (2015) 8 Burial and Commemoration in the Roman Colony of Patras. Saskia T. Roselaar (Editors). *Processes of Cultural Change and Integration in the Roman World*. Leiden | Boston, Brill 154-174.

Garnsey, P., Saller, R., & Elsner, J. (2015) *The Roman Empire: economy, society and culture*, Oakland, California, University of California Press.

Gauthier, François (2015) *Financing War in the Roman Republic 201 BCE-14 CE*. Thesis (PHD). McGill University.

Gilliver, Kate (2007) *the Augustan Reform and the Structure of the Imperial Army*, A Companion to The Roman Army, Edited: Paul Erdkamp, USA, Blackwell Publishing, 183-200.

Goodman, Martin (2012) *The Roman World 44 bc–ad 180*, Second Edition, London and New York, Routledge.

Hanson, w. s. (1997) Forces of change and methods of control. *Journal of Roman Archaeology-Supplementary Series-*, 23, pp.67-80.

Harris, W.V., (2016) *Roman power: A thousand years of empire*. Cambridge University Press.

Huskinson, J., (2000) Essay One: Looking for culture, identity and power. Huskinson (Editors), Experiencing Rome: Culture, Identity and Power in the Roman Empire. Routledge, The Open University, 3-27.

Hekster, Olivier (2023) *Caesar Rules The Emperor in the Changing Roman World (50 BC–AD 565)*, United Kingdom, Cambridge University Press & Assessment.

Hemelrijk, E., (2015) *Hidden lives, public personae: women and civic life in the Roman West*. Oxford University Press.

Hingley, R., (1997) Resistance and domination: social change in Roman Britain. *Journal of Roman Archaeology-Supplementary Series-*, *23*, pp.81-102.

Imrie, A., (2015) *Constitutio Antoniniana: an edict for the Caracallan Empire*. Thesis (PH. D). The University of Edinburgh.

Isayev, E., (2014) Polybius’s global moment and human mobility through ancient Italy. *Globalisation and the Roman World*, p.123-140.

Kaelin, T.M., (2022) *Creolization and Romanity: the continuities and changes of Roman Egypt*. - ir.library.louisville.edu

Lendon, J.E., (1997) *Empire of honour: The art of government in the Roman world*. Oxford, Clarendon Press.

Lulić, J., 2015. 1 Theorizing Romanization. Cognition and Cultural Change in Roman Provinces: A Case of Religious Change in Roman Dalmatia. Saskia T. Roselaar (Editors). *Processes of Cultural Change and Integration in the Roman World*. Leiden | Boston, Brill, 20-38.

Lvleva, Tatiana (2016) Peasants into Soldiers: Recruitment and Military Mobility in the Early Roman Empire. Luuk de Ligt and Laurens E. Tacoma (Editor) In Migration and Mobility in the Early Roman Empire, Leiden and Boston, Brill (pp. 158-175).

Manklow, Charles Henry (2020) *Standing by the standards Military rank and social status in the Roman west from Augustus to Diocletian*. Thesis(PHD), University of Cambridge.

Meyer, A., (2020) Approaching "Ethnic" Communities in the Roman Auxilia. Brice. (Editors), New Approaches to Greek and Roman Warfare,). United States, John Wiley & Sons, pp.161-172

Morley, N., (2015) Globalisation and the Roman economy, Pitts, M. and Versluys, M.J. eds., (Editors). *Globalisation and the Roman world: world history, connectivity and material culture*. Cambridge University Press, (pp. 49-68).

Morley, Neville (2010) *The Roman Empire Roots of Imperialism*, London and New York, Pluto Press.

Nevett, Lisa and Perkins, Phil (2000) Essay Eight: Urbanism and urbanization in the Roman world. Huskinson (Editors), *Experiencing Rome: Culture, Identity and Power in the Roman Empire*. Routledge, The Open University, 213-244.

Patterson, John (1993) Military organization and social change in the later Roman Republic, Rich and Shipley, John (Editors). War and Society in the Roman World. London and New York, Routledge, 92-112

Pavlov, Yuri (2013) The Roman army and social mobility in the Pincipate

Pelgrom and Weststeijn (2020) Introduction: Settler Colonies between Roman Colonial Utopia and Modern Colonial Practice. Pelgrom and Weststeijn, (Editors). *The Renaissance of Roman Colonization Carlo Sigonio and the Making of Legal Colonial Discourse*. United Kingdom, Oxford University Press, (1-24).

Perkins, Phil (2000) Essay Seven: Power, culture and identity in the Roman economy. Huskinson (Editors), *Experiencing Rome: Culture, Identity and Power in the Roman Empire*. Routledge, The Open University, 183-212.

Revell, L., 2009. *Roman imperialism and local identities*. Cambridge University Press.

Rocco, M. (2010) *The reasons behind Constitutio Antoniniana and its effects on the Roman military*. Acta classica universitatis scientiarum Debreceniensis, 46, pp.131-155.

Roselaar, Saskia T. (2015) Introduction: Processes of Cultural Change and Integration in the Roman World. Saskia T. Roselaar (Editors). *Processes of Cultural Change and Integration in the Roman World*. LEIDEN | BOSTON, Brill. 1-20.

Ruter III, J.B., 2016. The Seed of Principate: Annona and Imperial Politics.

Said, E.W., (2012) *Culture and imperialism*. Vintage.

Saller, Richard (2012) Human capital and economic growth. Scheidel (Editors). *The Roman Economy*, United Kingdom, Cambridge University Press.

Simons, S.E, (1901) Social assimilation. *American Journal of Sociology*, *6*(6), pp.790-822.

Stryker, S. and Burke, P.J., 2000. The past, present, and future of an identity theory. *Social psychology quarterly*, pp.284-297.

Tacoma, L.E., 2015. Roman elite mobility under the Principate. *N. Fisher; H. Van Wees (Hgg.),'Aristocracy'in Antiquity: Redifining Greek and Roman Elites. Swansea*, pp.125-145

Temin, Peter (2006) The Economy of the Early Roman Empire. *Journal of Economic Perspectives*, 20(1), 133–151.
Weaver, P.R.C., (1972) *Familia Caesaris. A social study of the emperor's freedmen and slaves*. CUP Archive
Webster, J., (2001) Creolizing the Roman provinces. *American journal of archaeology*, *105*(2), pp.209-225.
Wells, J., (2019) From slave to citizen: The lessons of Servius Tullius. Armstrong and Fronda (Editors), In *Romans at War*, London and New York, Routledge. 267-282.
Wesch-Klein, Gabriele (2007) *Recruits and Veterans,* A Companion To The Roman Army, Edited: Paul Erdkamp, USA, Blackwell Publishing, 235-450.
Williams, Margaret (2000) Essay Eleven: Jews and Jewish communities in the Roman empire. Huskinson (Editors), Experiencing Rome: Culture, Identity and Power in the Roman Empire. Routledge, The Open University, 305-334.
Whittaker, C.R., 1997. Imperialism and culture: The Roman initiative. Journal of Roman Archaeology-Supplementary Series-, 23, pp.143-164.
https://www.britannica.com/topic/imperialism
https://byjus.com/free-ias-prep/difference-between-colonialism-and-imperialism/

**پەراوێزەکان:**

١-پارتەکان (ئەشکانییەکان): پارتییەکان یان ئەشکانییەکان (٢٤٧پ.ز-٢٢٦ز)، ئیمپراتۆریەت و زلهێزێکی سیاسی و کولتوری گەورەی ئێران بو، لە ناوچە یان هەرێمی پارتیا (Parthia) لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەردەمی سلوقییەکان دەرکەوت، لە لوتکەی فراوانبونی خۆیدا، ئیمپراتۆریەتی پارتی لە باکوری فوراتەوە درێژ دەبوە، کە ئێستا ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی تورکیایە، تا ئەفغانستان و ڕۆژئاوای پاکستانی ئێستا، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە (النوري، ٢٠١٧: ١٩-٢٦).

٢- ئانۆنا: بریتیبو لەو سیستەمەی کە دانەوێڵە و خۆراکی دیکەی بۆ ڕۆما دابین دەکرد، بە ئانۆنا ناسرا. لەماوەی حوکمڕانی ئۆگستۆسدا ئانۆنا گەشەی کرد و بو بە تایبەتمەندییەکی ناوەندی پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆر و دانیشتوانی پایتەخت، وەک لە دراوەکاندا دەردەکەوێت کە لە سەرەتای سەردەمی ئیمپراتۆریەتەوە دەرچون. لە سەردەمی دواتردا ئانۆنای سەربازیی (annona militaris) پەرەی پێدرا کە دابینکردنی پێداویستییەکانی سوپای ڕۆمانی دابین دەکرد ( Erdkam, 2016: Web)؛ (Ruter III, 2016: 10-27).

٣- شەڕەکانی گلادیاتۆرییەکان بۆ یەکەمجار لە ڕۆما لە ساڵی ٢٦٤ پێش زایین دوای یارییەکانی سێرک سەرەتا وەک ڕێوڕەسمێکی پرسە دەرکەوت کە تایبەت بو بە چینی ئەرستۆکراسی، بەڵگە هەیە لە ڕێوڕەسمەکانی پرسە لە کاتی شەڕەکانی پونیک لە سەدەی سێیەمی پێش زایین و دواتر بە خێرایی بوە تایبەتمەندییەکی جەوهەری سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ڕۆمانیدادا. یارییەکانی گلادیاتۆر نزیکەی هەزار ساڵ بەردەوام بو، لە نێوان سەدەی یەکەمی پێش زایین و سەدەی دوەمی زایینی گەیشتە لوتکە (Auguet, 2012: 19-22).

٤- ئیمپریالیزم: سیاسەتێک یان ئایدۆلۆژیایەک کە ئامانجی فراوانکردنی بازنەی حوکمڕانییە بەسەر گەلان و دەوڵەتانی دیکەیە لەپێناو زیادکردنی دەستڕاگەیشتن بە سیاسی و ئابوری و زیادکردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردن، زۆرجار لەڕێگەی

بەكارهێنانی دەسەڵاتی ڕەق و بەتایبەت دەسەڵاتی سەربازییەوە، یان لە ڕێگەی هێزی نەرم ئامانجەكانی بەدی دەهێنا. لە مێژوی كۆندا، نمونەی ئاشورییەكان، فارسەكان، ڕۆمانەكان، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە، ئۆنلاین، ڕێكەوتی دواسەردان، ٢٠٢٣/١١/٢٣ لە

https://www.britannica.com/topic/imperialism

٥- پرینسیپات: فۆڕمێكی حكومەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییە، بە گشتی ماوەكەی لە سەرەتای سەردەمی ئۆگستۆس لە ساڵی ٢٧ پێش زایین دەستپێدەكات، تا كۆتایی قەیرانی سەدەی سێیەم لە ساڵی ٢٣٥ زایینی. زۆرجار بە حوكمڕانی ئیمپراتۆرە سەرەتاییەكانی ڕۆمانی ناسراوە، ئەم سەردەمە بە چەند تایبەتمەندییەك جیادەكرێتەوە، لەوانە حوكمڕانی یەك ئیمپراتۆر هەروەها لەو ماوەیەدا هەندێك تایبەتمەندی حكومەتی كۆماری هێڵدرانەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە، ( Ruter III, 2016: 27-28).

٦-جیاوازی نێوان كۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم لە هەندێك كاتدا جیاكردنەوەی هەردوكیان قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دو وشەن كە مانای تەواو جیاوازیان هەیە، بە كورتی دەكرێ كۆلۆنیالیزم وەك پراكتیكی هەژمون و ئیمپریالیزم وەك بیرۆكەیەك لە پشت پراكتیكەكەوە بیری لێبكرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە، ئۆنلاین ڕێكەوتی دواسەردان، ٢٠٢٣/١١/٢٣ لە

https://byjus.com/free-ias-prep/difference-between-colonialism-and-imperialism/

٧-ناسنامە: چەمكی ناسنامە، یەكێك لە بەكارهێنانەكانی لەم باسەدا، بۆ ئاماژەدانە بە ناسینەوەی هاوبەش لەگەڵ پۆلێكی بەكۆمەڵ یان كۆمەڵایەتی، وەك لە تیۆری ناسنامەی كۆمەڵایەتی و كارە هاوچەرخەكاندا، لەسەر بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان كە كولتورێكی هاوبەش لە نێوان بەشداربوان دروست دەكەن ئاماژەی پێدەدرێت ( Stryker, S. and Burke, 2000: 284).

٨-كرێولیزین لە بەرئەنجامی داگیركاری یان لكاندن و لە خۆگرتنی ناوچەیەك لەلایەن هێزی باڵادەستەوە، قۆناغی گواستنەوە و تێكەڵبونی بنەماكانی كولتوری ناوچە داگیركراوەكە لەگەڵ كولتوری داگیركەردا زۆر گۆڕانكاری بەسەردا هات، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پرۆسە درێژخایەنە كە ناتوانرێ لێرە لە پێناسەیەكدا بەوردی پوخت بكرێتەوەو مافی خۆی پێبدرێت دەڕوانرێتە (Webster, 2001: 209-216) ; (Kaelin, 2022: 2-11).

٩-ئاسمیلەكردن (ئاوێتەبون): بریتییە لە پرۆسەی درێژخایەنی وەرگرتن و ئاوێتەبون و یەكگرتنە، بۆ نمونە، ئاسمیلەكردنی كولتوری كە تیایدا گروپێك یان كولتورێكی كەمینە لە گروپی زۆرینەی كۆمەڵگایەك دەچێت یان بەها و ڕەفتار و بیروباوەڕی گروپێكی دیكە ئاسمیلە بكات جا بە تەواوی یان بەشەكی بێت، ئینجا ئاسمیلەكردنی سیاسی و زۆرەملێ بێت یان پێویستی و ئارەزومەندانە بوبێت (Simons, 1901: 791-803).

١٠-ئایراریۆم میلیتێر گەنجینەی سەربازی ڕۆمای ئیمپراتۆری بو، لەلایەن ئۆگستۆس، یەكەم ئیمپراتۆری ڕۆمانی، وەك "سەرچاوەیەكی داهاتی هەمیشەیی بۆ خانەنشینی (praemia) بۆ پێشمەرگە دێرینەكانی سوپای ئیمپراتۆری ڕۆمانی دامەزراوە.، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (Gilliver, 2007: 184-187).

١١-ئەنجومەنی پیران: ئەنجومەنی پیران یان سێنا، دەزگا یان دامەزراوەیەكی ڕاوێژكاری بو یارمەتی كونسوڵەكانی دەدا، دەسەڵاتی یاسادانان و ئەزمونی باشیان لە كارگێری و كاروباری دەوڵەت هەبو، ژمارەی ئەندامەكانی گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕۆڵ و ئەركی ئەم ئەنجومەنە دەڕوانرێتە (عبدالغنی، ٢٠٠٥: ١٨٦-١٨٧)؛ (علی، ٢٠١١: ٢١٧).

١٢-مانومیشن: بریتییە لە کردەی ئازادکردنی خەڵکی کۆیلەکراو لە تەمەنێکی دیاریکراو لەلایەن خاوەنەکانیانەوە، ڕۆمانەکان یاسای تایبەتیان بۆ ئەم پرسە تەرخان کردبو، پاڵنەرەکانی مانۆمیشن ئاڵۆز و جۆراوجۆر بون، بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە: (Weaver, 1972: 97-104).

١٣-دەستوری ئەنتۆنینە، مەرسومێکی ئیمپراتۆر کراکلایە لەساڵی ٢١٢ زایینی دەرکرد، کە دیارترین بڕگەکانی پێدانی هاووڵاتیبونی ڕۆمانی بە هەمو کەسانی ئازادی نێو ئیمپراتۆرییەت، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وردەکاری ئەم دەستورە دەڕوانرێتە (بونقاب و بعیطیش، ٢٠٢٢: ٧١٤-٧١٧).